# ڕەهەندی دەروونیی لە دیوانی (یادنامە)ی (سەرکەوت ڕەسوڵ)دا

د. كامران ابابكر خضر خوشناو
قسم اللغة الكردية- كلية التربية /شقلاوة
جامعة صلاح الدين – أربيل

د. شاخوان فرهاد محمد
قسم المسرح- معهد فنون الجميلة/
وزارة التربية- أربيل

**ملخص البحث باللغة العربية:**

وبطبيعة الحال فإن كل نص أدبي يولد تحت عدة مؤثرات وانتقالات داخلية وخارجية من هذه الأبعاد الداخلية والخارجية، لذا فإن العقل هو البعد الأقرب والأكثر تأثيرا على بناء أي نص. ولذلك فإن عنوان هذا البحث هو (البعد النفسي في ديوان (يادنامه- مذكرات) (سركوت رسول)). علم النفس وعلم النفس وعلاقته بالأدب، ثم حسب منهج العمل النفسي تم تقسيم النصوص إلى عدة أبعاد نفسية. (التفاؤل، الاكتئاب، التشاؤم، السادية، ....) ومن ثم تفسيرها، وهكذا فإن العقل جزء لا يتجزأ من عملية تكوين الشعر والكلمات والجمل الشعرية تعكس صورة حقيقية ونفسية للعقل.

**الكلمات المفتاحية:** البعد النفسي، التفاؤل، الاكتئاب، النرجسية، السادية.

---

## ◆ : پێشەکی:

### ◆ .١: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە: (ڕەهەندی دەروونیی لە دیوانی (یادنامە)ی (سەرکەوت ڕەسوڵ)دا.

### ◆ .٢: سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە (ڕەهەندی دەروونی)ی و ڕەنگدانەوەی لە دیوانە شیعریی (یادنامە)ی (سەرکەوت ڕەسوڵ)دا.

### ◆ .٣: هۆکاری هەڵبژادنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت لەسەر دەقی (یادنامەی مەیتاگای عومرێك) و ئاورنەدانەوەی لێکۆڵەرانی ئەدەبی لە شاعیری هاوچەرخ و لاو (سەرکەوت ڕەسوڵ).

### ◆ .٤: بایەخی لێکۆڵینەوەکە:

دەروون بە شێکی دانەبڕاوی مرۆڤە، بۆیە هەوڵدراوە بەشێوەیەکی تایبەت لە زۆرینەی ڕەهەندە دەروونییەکانی ئەم دەقەدا بکۆڵرێتەوە و بەڵگەی بەهێز و درووستی بۆ بهێنرێتەوە.

### ◆ .٥: میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (ڕەخنەی دەروونیی) بەستراوە.

### ◆ .٦: پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەم شێوەیە: لە پێشەکییدا سنوور و هۆکار و ئامانج و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو، دواتر لە بەشی یەکەمدا، باس لە بابەتێك خراوەتەڕوو، لەوانە (چەمك و پێناسەی دەروونناسی، پێناسەکانی دەروونناسی، پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی، ڕەخنەی دەروونی....)، دواتر لە بەشی دووەمدا لەڕوانگەی ڕەهەندە دەروونیی لە قەسیدەی درێژی (یادنامە)دا کۆڵراوەتەوە، بەش چەند ڕەهەندێکی دەروونی خراونە بەرباس و بەڵگەی پێویستیشیان بۆ هێنراوەتەوە، لەوانە: (گەشبینیی، ڕەشبینیی، خەمۆکیی، نامۆیی، نەرگیسییەت و سادیزم.....)، لە کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی بێگانە خراوەتەڕوو.

## 1. چەمك و پێناسەی دەروونناسی ئەدەب و پەیوەندی نێوانیان:

### 1. ١: چەمك و پێناسەی دەروونناسی:

لە ئەنجامی گەڕانەوە بۆ مێژوو بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕەگو ڕیشەی دەروونناسی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی و (زاراوەیەکی لاتینییە و لە دوو وشە پێک هاتووە (Psycho) بەمانای دەروون (Logy) بەمانای زانست یان توێژینەوە و یان ناسین، کەواتە سایکۆلۆژیا مانای دەروونناسی دەگرێتەوە یان زانستی دەروون) (قەرەچەتانی، ٢٠٠٧: 33) لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (علم النفس) بەمانای زانینی شتە شاراوەکانی دەروون یان زانستی دەروون دێت . کەواتە دەروونناسی بە واتای زانستی دەروون یاخود ڕۆح دێت.

پێناسەکانی دەروونزانی لەلایەن زانایانەوە زۆرن و هەر یەک لە دەروونناسەکان بەپێی بارو ڕەوشی دەروونی خۆی و دەوروبەری پێناسەی بۆ دەروونزانی کردووە و بەشێکیان کەمو کوریان تێدایە، چونکە ئەگەر بڵێین دەروونزانی لێکۆڵینەوەیە لە لایەنی دەروونی مرۆڤ و دیراسەکردنی ئەوا لەوانەیە کەموکوری تێدابێ، لەبەرئەوەی سایکۆلۆژیاش (لەنێو ژیانی دەروون وئەوەی تێدایە، لەبیرکردنەوە و ئارەزوو وهەست و بیرەوەی و هەڵچوونەکان دەکۆڵێتەوە)(عزت، 1968: 3)، کەواتە لایەنی دەروونی مرۆڤ لایەنێکی شاراوەیە و لێکۆڵینەوە لێی لە مەودایەکی بەرتەسکە، چونکە ئەو ئامێر و هۆکارانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنی دەروونی بەکاردێن زۆر کەمن و سەد لە سەد نین، (هەرچەندە دەروونزانەکان هەوڵیانداوە و هەوڵ دەدەن، کە هەر چەند پێیان بکرێت زیاتر ئامێرە زانستیە وردەکان بەکاربهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ وەک ڕازێک یان بیرێک ماوەتەوە، کە زۆربەی بەشەکانی ناوەوەی تاریک و نەزانراون) (عەلی ، ٢٠٠٧: 7) .

بۆیە ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ هەست بە دەروون بکەین، بەڵکو هەست بە پاشماوە و دەرکەوتەکانی دەکەین لە ڕەفتارکاندا.

کەواتە دەتوانین بڵێین: سایکۆلۆژیا وەکو زانستێك (لەڕەوشتی ئادەمیزاد دەکۆڵێتەوە، کە ئەوانیش خۆیان لەکردەوە و جووڵە دیار و قسەکان دەبیننەوە) (عزت، 1968: 3)، هەروەها (فرۆید و دەروونناسی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەروونی مرۆڤ وەک چیایەکی بەستەڵەکی نێو دەریایە ئێمە تەنها دیوی دەرەوەی دەبینین، نازانین ئەم چیا بەفرینە چەندە بە قوڵایی دەریاکەدا شۆڕبوەتەوە لێرەشدا هەست بە تەم و مژی و تونێل و دوورییەک دەکەین بۆ تێگەیشتن لە دەروونی مرۆڤ) (ئەسعەد، 2017: 115)، بۆیە ڕەوشتی مرۆڤ هەر بەتەنیا جموجۆڵ نییە، بەڵکو گەلێجاران لەڕێگەی دەنگ بەرزکردنەوە و قسەکردنی دەتوانێت ئەو هەستانەی قەتیس ماون بیانخاتەڕوو. بەمەش دەروونزانی توێژینەوەی زانستانەی ڕەوشتە یا زانستی کردارەکانی هۆشە.

لەم دیدگایەوە مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بەوردیی بایەخ و سەرنجی دیاردە دەروونییەکانی داوە و شتێکی کەم، یاخود زۆری هەر لێدەزانێت، چونکە ئەو شتە بەخودی مرۆڤێکەوە پەیوەستە، بەڵام چۆنییەتی شێوە و شێوازی نووسین و توێژینەوەی بەزانستیبوونی دواتر بەرجەستە بووە.

## ١. ٢: پێناسەکانی دەروونناسی:

سادەترین و دیارترین پێناسەی دەروونناسی بریتییە؛ لەو زانستەی لە بیرو رەفتار و هەڵسوکەوتی بوونەوەر دەکۆڵێتەوە، بە واتایەکی دی؛ دەروونناسی (ئەو زانستەیە لە پێکهێنەرەکانی دەروونی مرۆڤ و گەشەکردنی شوێنەوارەکانی- واتە ڕەفتار- و کارتێکردنەکانیان و ساغی و ناساغیان دەکۆڵێتەوە بە شێوەیەکی زانستییانە (عەلی، 2007: 8)، هەروەها لەخوارەوە ئاماژە بەچەندین پێناسەی دیکەی دەروونزانی دەکەین:

(دەروونناسی زانستێکە لێکۆڵینەوە لە دەروون و ئەوەی لەناو دەرووندایە لە بیرکردنەوەو هەست و ئارەزوو و بیرەوەری و هەڵچوون دەکات) (سەعید، 2015: 84).

دەروونناسی ئەو زانستەیە کە لە کردار و هەڵسوکەوت و کارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لە (ژێ**١. ٦:** ر باوەڕی کە هەموو ئەمانە دەرکەوتەی دەروونن) (عمر، 2013: 6)، (لێکۆڵینەوەی زانستانەی ڕەوشتە یا زانستی کردارەکانی هۆشە)(عیسا، 2008: 3)، (دەروونناسی ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لەسەر ڕەوشت و بیر و هۆش و ئاکار و هەڵچوونی مرۆڤ دەکات) (عمر، 2013: 6).

کەواتە لەو پێناسانە بۆمان دەردەکەوێت؛ کە دەروونناسی بە شێوەیەکی گشتی و فراوان هەریەکە لە بیرو ڕەفتاری مرۆڤ دەناسێنێ و سیستەمێکە بۆ تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و ڕەفتار و سۆزی مرۆڤەکان و بەکارهێنانی ئەم تێگەیشتنانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ و ناسینی خودی مرۆڤەکان، پاشان یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان سۆزو ڕەفتار، ئەگەر بەشێکی کەمیش بێت دەتوانین لە بەشێکی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ تێبگەین و شییان بکەینەوە، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرەکان بدەین. بەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی زانستی دەروناسییەوە لە ئاڵۆزییە ئاوەزییەکانی تاک تێبگەین و ڕێگەی گونجاو بگرینە بەر بۆ تێگەیشتن لە جیهانبینی و ژیانبینی.

## ١. ٣: چەمک و پێناسەی ئەدەب:

هەر وەک باس کراوە ئەدەب بەرلەوەی گێرانەوە بێت؛ ئایدۆلۆژیا و بیرە، هەموو دەقێکی ئەدەبی پڕێکی زۆر لە بیر و ئایدۆلۆژیا لەناو هەناوی خۆیدا دەشارێتەوە، تەنانەت بەشێکی گرنگی بنەمای ئەفراندنی شی هەر ئەمەیە، لە لایەکی دیکەدا ئەدەب شتێکی دەروونییە، چونکە نووسەر هەستی خۆی دەردەبڕێت و دەروونی خۆی خاڵیدەکاتەوە لە سۆز و حەزە پەنگخواردووەکانی، لەوێش خوێنەر سوود و چێژ لە بابەتە ئەدەبییەکان وەردەگرێت، کە هەڵگری بیر و هەست و نەست و سۆز و خەیاڵن، ئەمانەش دەبنە هۆکار بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی ئەدەب بکەین، ئەوا گوزارەیەکی زۆری هەیە، بەڵام بە واتا تایبەتییەکەی (بریتییە لەو شتە نایابانەی، کە پێشینیان هێشتوویانەتەوە و بەجێیان هێشتووە بۆ دوای خۆیان؛ ئەوانەش وەکوو هۆنراو و پەخشان، پیشەی قەشەنگ، مووزیقا و ساز و ئاواز و وێنەی بە پەرداخ. ئەمانە بە قسەی جوانی مرواری ئامێز نووسراوە بووبن یا نەنووسراوە، بەڵگەی کۆنی سەر بەردەکان کە داستانی ئادەمیزاد ئەگێڕنەوە، ئەو نەوا

كاریگەرانە کە لە تەلی مووزیقاکانەوە دەر ئەچن و مێشک و دڵ و دەروون گوڵاوپاشی ئەکەن) (سەجادی، 1978: 5).

## ٤.١: پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی:

ئەدەب شتێکی دەروونییە و هەڵقوڵاوی دەروونی نوسەرە، واتە (ئاوێنەی عەقڵ و دەروونی نوسەرە بە واتایەکی تر وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت کردن لە دەروون) (سەعید، 2015، 84). شاعیر لەشیعرەکانی و نووسەری ڕۆمان و چیرۆکنووس و هەموو نووسەرێکی ئەدەبی دەروونی خۆیان دەنوێنن لە بەرهەمەکانیان، کە هەڵقوڵاوی ناخ و دەروونییانە، نووسەری هەر ژانرێکی ئەدەبی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە بەسەریدا هاتووە، یاخود بینیوویەتی و بیستوویەتی دەبن بە بەشێک لە بیرەوەری و لە مێشکیدا دەمێنێتەوە، دواتر لە ڕێگای نووسین دەریدەبڕێت.

کەواتە ئەزموونی دەق بە پێی سایکۆلۆژیای نووسەرەکەیان لە دەقێک بۆ دەقێکی تر و لە نووسەرێک بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازن، بۆیە (زانایانی دەروونناسی بەزۆری ئەدەبییان هەڵبژاردووە، وەکو ماددەیەک بۆ بابەتە دەروونییەکان، گەلێک ڕاستی دەروونییان هەڵهێنجاوە، کە بایەخێکی زۆر مەزنیان هەیە) (عومەر، 2013: 19).

دەکرێ بگوترێت پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی پێوەندییەکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە، چونکە (زانستی دەروونی بەدوای ئەوەدا وێڵە ئایا دەروون کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە یان بەپێچەوانەوە یاخود کاریگەرییەکە دوولایەنەیە، دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات ئەدەبیش دەروون دروست دەکات، ئەدەب بەدوای ڕاستییەکانی ژیندا دەگەڕێ تاکو دڵ و دەروون ڕۆشن کاتەوە، دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکو ئەدەب بێنێتە ئاراوە) (گەردی، 2004: 88)، هەروەها هەموو نووسینێکی ئەدەبیش بیرکردنەوەیەکی قووڵی دەوێت، بۆ داڕشتنی پێکهاتە و گەیاندنی ئاکامی کارەکان، بەڵام شیعر بەتەنیا کارکردن نییە لەسەر لۆژیك، بەڵکو سەر لەنوێ ئەو لۆژیکە هەڵدەوەشێنێتەوە و مانا و واتای دیکەی بۆ پێکدێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیەتی ژیانکردن و ژینگەی نووسەر و شاعیر گرنگی خۆی هەیە و لە بەرهەمەکانی ڕەنگدەداتەوە هەڵقوڵاوی دەروونییەتی و لایەنی دەروونی و ئەدەب دوو شتی لێکدانەپڕاون و ئاوێتەی یەکتربوونە و لەیەکدی جیا نابنەوە، وەک (ڕۆلان بارت) دەڵێت : (دەروونناسی و ئەدەب هەمان خاسیەتیان هەیە لە؛ خەیاڵ و بیرۆکە و سۆز و هەستدا) (ئەسعەد، 2017: 120)، نووسەریش لە بەرهەمەکانییدا بەرەو ناخی خۆی شۆڕ دەبێتەوە و بە جیهانە خەیاڵییەکەی خۆی دەدوێنێیت، بەمەش بەرهەمەکەی پەیوەندی بە دەروونی نووسەرەوە دەبێت و ڕەنگدانەوەی دەروون و هەست و نەستیەتی.

بەمەش ئەزموونی دەق بەپێی سایکۆلۆژیای نووسەرەکانیان، لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی و لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاواز دەبن. بەتایبەتی (شیعر ڕەنگدانەوەی هزر و خەیاڵ و ژینگە و ڕووداوەکانە، کردنەوەی دەرگایەکە تەواوی دیاردەکانی بوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە، دواجاریش توانای زمانەوانی لای نووسەر دەبێتە هۆی ئەوەی، وێنەی فرە سەودا بەخشێتە شتەکان) (عەزیز، 2011: 67)، لەبەر ئەوەیە زمانیش بارگاوییە بە خەیاڵ، چونکە شاعیر ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی هەروا بە سادەیی و ئاسانی وەرناگرێت، بەڵکو جارێکی تر بە خەیاڵێکی فراوانتر و بەشێواز و دەربڕینێکی ناوازە و کاریگەرتر و بەهێزتر، پێشکەش بەخوێنەری دەقەکەی دەکات.

## ١. ٥: ڕەخنەی دەروونی:

ڕەخنەی دەروونی بەشێوەیەکی گشتی ئەو میتۆدەیە کە کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات، لە ڕێگای ڕۆچوونی بۆ نێو ژیانی نووسەر و شێوازی گوزەرانی هەر لە منداڵییەوە و لە گشت قۆناغەکانی ژیانی نووسەر دەکۆڵێتەوە، ڕەخنەی دەروونی گرنگی و بەهای خۆی لە شیکردنەوە و شلۆڤەکردنی دەقەکان هەیە، بە مەبەستی گەیشتن بە نەستی نووسەر، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕەخنەی دەروونی (یەکێکە لە ڕەوتەکانی ڕەخنەی تازە، ئامانجی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە، تا بگات بەشوێنە شاراوەکانی نەستی نووسەر، ئەمەیش لە ڕێگەی توێژینەوەی کۆمەڵێك خواستن و وێنەی ڕەوانبێژیی بونیاتی دەقەوە دەبێت، ئەم ئاڕاستەیە بنەما دەروونیی و ڕەخنەییەکان لەخۆ دەگرێت، تا بگات بەڕاستیی لۆجیکی نەست، ئەمەیش لەڕێگەی زمانی دەق و نەستەوە دەبێت) (بەرزنجی، 2024: 230)، چونکە لە ڕێگای ژیانی شاعیر دەتوانین بگەین بە؛ هەندێک زانیاریی، کە پێشتر نەزانراوە یان درکی پێنەکراوە.

لەم سۆنگەوە ژیان و چۆنییەتی ژیانکردنی نووسەر و شاعیر گرنگی خۆی هەیە، بۆ توێژەری ئەدەبی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەقەکان. بۆیە ڕەخنەی دەروونیی (بە شێوەیەکی بەربڵاو باڵی کێشاوە بەسەر بیرو کارەکانی ڕۆژانەی خەڵک، بەدەر لە شارەزایان و بێ پسپۆری لەو زانستە سوودمەندن، دەروونشیکاری ڕۆژانە لەگەڵیان دەژیت، چونکە شیکردنەوەی دەروونی وەک میتۆدێک پێوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ هەنووکەدا،جگە لەوەش کێڵگەیەکی کارکردنە لە ڕابردووی مرۆڤدایە بەڵام هەوڵەکانیشی بۆ تێگەیشتنی ئێستایە) (سەعدون، 2013: 32)، بەم جۆرەش میتۆدی ڕەخنەی دەروونیی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، (میتۆدێکی زۆرباوە و ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگران پەیڕەوی بنەماکانی ئەم میتۆدەیان کردووە، بەمەبەستی شیکردنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە باری دەروونی نووسەرەکە تا بەهۆی زانینی ژیانی نووسەرەوە بتوانرێت هەندێک لایەنی شاراوەی بەرهەمەکە ئاشکرا بکرێت) (عیسا، 2012: 7)، بۆیە دەتوانرێ بگوترێت؛ ڕەخنەی دەروونی کاریگەرترین میتۆدە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ئاوەز و هەست و نەستی مرۆڤ، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ ڕووناکی خستنەسەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

## ١. ٦: مێژووی ڕەخنەی دەروونی:

لایەنی دەروونی مرۆڤ مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە، مرۆڤ هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونی هەستی بە دیاردە دەروونییەکان کردووە، وەک: ترس و شەرم و خەمۆکی و دڵتەنگی و ڕەشبینی .... هتد. واتە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ هاتۆتەکایەوە، وەک بابەتەکانی تری زانست و شتەکانی تر نییە، کە لە کاتێکدا لەسەر دەستی کەسانێک و دوای چەندین لێکۆڵینەوە دۆزرابێتەوە و پەرەی پێدرابێت، بەڵکو بابەتەکە پەیوەستە بە مرۆڤ و هەموو مرۆڤێکیش بەشدارە، بەڵام هەرچی بە زانستکردن و لێکجیاکردنەوەی دیاردە و نەخۆشییە دەروونییەکانە، ئەوا قۆناغ بە قۆناغ بووە و گەشە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینووە، هەر زانایەک یاخود توێژەرێك هاتووە توێژینەوەی تازەی لەبارەی ئەنجامداوە و دواتر دابەشی کردووە و جۆرەکانی دیاری کردووە، ئینجا زانیاری نوێی بەدەستهێناوە و خستویەتییە سەر زانیارییە کۆنەکان.

لەسەرەتادا ئەم زانستە بوونێکی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکو خۆی لە بابەتەکانی فەلسەفە و لۆژیک و .... پێچابوویەوە، واتە (دەروونزانی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە وەک زانستەکانی تر بەشێک بووە لە فەلسەفە بەزانستی ڕوح دەژمێردرا لەلایەن یۆنانییەکانەوە بەناوبانگترین

فەیلەسوفەکانی یۆنان سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ) (عەزیز، 2011: 23) بوون،کە لەبارەی ئەم زانستە دواون، هەروەها (فرۆید) پێیوایە (شیکردنەوەدی دەروونی دیمانەیەکە لە زانستی دەروون و ڕێبازێکە لە چارەکردنی شڵەژاندنە هۆشی و دەمارگیرییەکان) (سەعدون، 2013: 32).

(ئەرەستۆ) لە چوارەمی پێش زاییندا لەڕەخنەی ئەدەبی (تیۆرەکەی خۆی خستەڕوو لەبارەی پاکبوونەوە (التطهير) و وتی غایەی تراژیدیا بۆ ئەوەیە بەزەیی و ترس بوروژێنێ، نەفسیش زیاد لەپێویست پاک دەبێتەوە لەو دوو سۆزە، لێرەدا هاوسەنگییەک دروست دەبێت لەسەر شاعیری دەروونی جۆراوجۆردا، ئەمەش بەرپەرچ دانەوەیە بوو بۆ (ئەفلاتوون)، کە هەڵوێستی توندی بەرانبەر بەشاعیران هەڵگرتبوو لەکۆمارەکەیدا، چونکە بەبیری ئەو شاعیران لاسایی کەرەوەن، کاری شیعر لەدیدی (ئەفلاتوون) تێکدەرییە، چونکە کار لەسۆز دەکات و شتێکی خراپی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە شعری قبوڵ کردووە، کە ستایشی خودا و پاڵەوانان پیاوە باشەکان دەکەن) (عیسا، 2012: 9- 10)، لێرەدا (ئەفلاتون) باس لەلایەنێکی دەروونی (سۆز) دەکات لە شیعردا، کە دەبێتە هۆی وروژاندنی دەروونی و بەلاڕێیاندا دەبات، بەمەش ئەوەی (فرۆید) بە دامەزرێنەری ڕەخنەی دەروونیی دادەنرێت، کە لە ساڵی ١٨٩٩ فرۆید کتێبێکی لە بارەی (لێکدانەوەی خەونەکان) بڵاوکردەوە، کە باسی لایەنی من، ئەو، منی باڵا، کاریگەری نەست و نائاگایی کردووە.

ئەم کتێبە بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی (فرۆید) دادەنرێت لە بواری ڕەخنەی دەروونییدا، کە تیاییدا باسی (بنەماکانی خەونیشی کردووە کە دەبێتە هۆی جێبە جێ کردنی حەزەکانی مرۆڤ هەروەها هونەرمەندان و ئەدیبانی بەنەخۆشی دەماری پەیوەست کردووە، ئەمە یەکەمین لێکۆڵینەوەی فرۆید بووە لەبواری ڕەخنەی دەروونی) (خەلیل، 2011: 56). هەروەها لە ساڵی (1925) ئەم زانستە گەیشتە لوتکە و ترۆپکی گەشەکردن و بووە بەربڵاوترین بزوتنەوەی جیهانی، (فرۆید)یش بە ماوەیەکی زۆر کەم بووە ناودارترین ڕابەری ئەم زانستە، پاش مەرگیشی فرۆید کەلەپوورێکی بێ هاوتا و پڕ لە زانیاری بۆ بەجێ هێشتووین، کە تا ئێستاش سوود و کاریگەری خۆیان لەو بوارەدا هەیە.

## ١. 7: چەمک و بنەماکانی کەسایەتی لە ڕوانگەی دەروونشیکاری (فرۆید):

(فرۆید) بیرۆکەی خۆی سەبارەت بە کەسێتی خستەڕوو لەڕێی مامەڵەکردنی لەگەڵ نەخۆشە دەروونییەکان، پێیوابوو؛ کە نەست کلیلی تێگەیشتنی کەسایەتییە، هەروەها عەقڵی مرۆڤیشی وەک چیای بەفر ناساند، نۆبەشی لەژێر ئاوە و تەنها یەک بەشی لەبەرچاو دیارە، واتە ئێمە تەنها درک بە بەشێکی بچووکی عەقڵمان دەکەین و بەشی زۆریشی لێمان شاراوەیە.

(فرۆید) کەسێتی مرۆڤی بۆ سێ بەش دابەش کرد (ئەو " Id" و من ego و منی باڵا)، کە هەریەک لەو بەشانە خەسڵەت و سیماو هەروەها گیروگرفت و داواکاری خۆی هەیە، کە جیاوازە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی بەشەکانی دیکە، زۆرجاریش دژ بەیەکترن و لەململانێدان، بەڵام لەیەکتری جیانابنەوە و کەسێتی مرۆڤ بەهۆی پەیوەستی ئەم سێیانەوە کاردەکات و (لە نموونەی شیاو و لەباردا (من) دژایەتی هێرش بەرناکات، بەڵکو هێز و توانای دەخاتە خزمەتی و خۆی سنووردار دەکاتەوە بەتێگەیشتن لەهاتووچۆ(تەراتێنە) غەریزەکان،زیادبوونی گرژی و هەستی ڕەنج و سەرەنجی دامرکان لەگرژی،ئەوکاتەی دامرکاندن تاقیدەکاتەوە و

چاودێری دەکات) (فرۆید، 2005، 103)، هەربۆیە بەردەوام وەک لەمپەرێک ڕووبەرووی غەریزە بە میرات بۆماوە تێکەڵاوەکان دەوەستێت.

**-ئەو:** Id

ڕەگەزی بایۆلۆژییە لە کەسێتیدا و بەردەوام وروژاوە، دوورە لە بەئاگاییەوە، بناغەی کەسێتییە، بە گەورەترین بەشی پێکهاتەی دەروونی لەکەسێتیدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی مەیلییە جنسییەکانی خۆی ئاراستە دەکات (ئید ئەو بەشەی ئەقڵە، کە هەموو حەز و ئارەزوو و سیفەتانەی تێدایە، کە مرۆڤ لەکاتی لەدایکبووندا هەیەتی)(نجاتی، 1999: 68).

کاتێک مرۆڤ لە دایک دەبێت تەنیا ئەم بەشەی هەیە و لەگەڵییدا لە دایک دەبێت و بەدرێژایی ژیانیشی هەر لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، ئەم بەشە لە گشت بۆماوە و پێداویستی و حەز و ئارەزووە ئاژەڵییەکان پێکهاتووە، ئەو دوور لە گشت یاسا و پرەنسیپە لۆژیکییەکانی مرۆڤ کاردەکات و هیچ شتێ دەربارەی داب و نەریت و ئاکاری جوان، هەروەها بەهای کۆمەڵایەتی نازانێت و گوێڕایەڵیان نابێت، بۆ نموونە منداڵی شیرەخۆر، ئەگەر برسی بێت،یان تینوو لەهەر شوێنێکدا بێت، ئەوا دەست دەکات بەگریان، یان میزەڵدانی پڕ بوو خۆی لێ ڕزگار دەکات، ئەگەر لەباوەشی گەورەترین مرۆڤدا بێت، چونکە ئەو ساوایە دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بێت ئەو پێداویستیانەی تێر بکات. ئەوە پەیوەندی بەجەستەوە هەیە، نەک ژینگەی دەرەوە، واتە ئەو پێت دەڵێت، کە ئەوەی حەزت لێیە بیکە، بێ گوێدانە دابو نەریت و ئاین . تەوەرەی وجودی تاک دیاری دەکات، پرەنسیپی چێژ حوکمی بەسەردا دەکات.

**- من: Ego**

بەشی دووەمە لە دابەشکردنی کەسایەتی لای فرۆید، کە بریتییە لە (ئەو لایەنە کەسیەتییە کە لە دەرەوەی تویکلە چینی (ئید) گەشە دەکات و خۆی لەگەڵ وەرگرتن و ناردنی وروژێنەرەکان دەگونجێنێ) (ساڵح، 2002: 55)، واتا لە دەرەوەی بنەمای تێرکردنی حەز و ئارەزوو دەڕوات . هەوڵی جێبەجێ کردنی گشت یاساکانی مرۆڤ دەدات و پەیوەستی دەکات بە واقیع و لەسەر بنەمای لۆژیک دەڕوات، چاودێری ڕەفتاری مرۆڤ دەکات و ناهێڵێت هەموو ئەو بیرانەی کە هەیەتی جێ بەجێی بکات.

من هەوڵدەدات بەشێوەیەک (داب و نەریت و یاسا کۆمەڵایتییەکان لە قاوغێکی ڕازی بوونی ئەو سێ زلهێزەی، کە فشاری دەخەنە سەری، هەوڵدەدات حەزە فسیۆلۆژییەکانی (ئەو) بەشێوەیەک لە شێوەکان دەربڕێ و (منی باڵا)ش ڕازی بکات) (ڕەسوڵ، 2012: 31)، (من) وەک ناوبژیوانێک لە نێوان (ئەو و منی باڵا و واقیع) دەوەستێت و بەپێی بنەمای واقیع کاردەکات، نەک بنەمای چێژ یاخود لەزەت، (فرۆید) دەڵێت: ئەرکی من زۆر قورسە، چونکە زۆر سەختە مرۆڤ لەیەک کاتدا خزمەتکاری دوو ئاغا و کەڵەگایەک بێت، کەچی – من- لە هەمان کاتدا بەرەنگاری هەر سێ جیهانی ئەو و منی باڵا و جیهانی دەرەوەش دەبێتەوە) (مەلازادە ، 2016: 240).

(من) لەڕاستییەوە ڕاستییەکان دەبینێت، چونکە لە چاکە و خراپەی واقیعەکە دەکۆڵێتەوە. ئەوە پیشانی مرۆڤ دەدات، کە تا چەند ئەم کردارە خوازراوە لەلایەن دەوروبەرەوە، یاخود چەندی خوازراوە لەلایەن خودی مرۆڤەوە، فۆرمی گونجاو و کاتی گونجاو دەدۆزێتەوە، تا مرۆڤ کارەکەی بکات، نەک لەسەر بنەمای چێژ بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کارەکە بکات.

**- منی باڵا: super ego**

منی باڵا بەشی سێیەمە لە کەسایەتی بەلای فرۆیدەوە، کە مەڵبەندی هەموو لایەنە بەرزەکانی ئاکر و بەها کۆمەڵایەتیی و ئاینییەکانە، (بەلای فرۆیدەوە کەسایەتی مرۆڤ لە منی باڵادا دەردەکەوێت و شێوە ڕێکخراوی مرۆڤە کە زۆر بە ئاگاوە مامەڵە دەکات، بۆ ئەوەی کەسایەتی تاک بپارێزێت) (سەعید، 2015: 86).

(منی باڵا) لە ئەنجامی پەروەردە و بەکارهێنانی) پاداشت و سزا (لەلایەن دایک و باوک و کەسانی چواردەوڕ دروست دەبێت، (ئەم بەشە کەسێتییەکی نمونەیی و ویژدانییە، ڕووی یەکەمی (منی باڵا)، کە ناو دەبرێت بە " منی نمونەیی" بریتییە لە لە لاسایی کردنەوە و دەمەلاسکی گشت بەها و ڕەوشت و ئاکارە جوانەکانی دایک و باوک و مامۆستا و کەسە گرنگ و خۆشەویستەکانی ناو کۆمەڵ) (ڕەسوڵ، 2021: 31)، دەوری (ویژدان) وەردەگرێت و کاتێک دەچێتە ناو مرۆڤ دەست دەکات بە سنوور بۆ ئەو دانان. (منی باڵا هەوڵدەدات بۆ سەرکوتکردنی پاڵنەر و حەز و ئارەزووەکانی ئەو بەتایبەتی ئەوانەی کە سیمایەکی جنسی و دوژمن کاریان هەیە، منی باڵا هەوڵدەدات کە جیهانی دەرەوە و ناوەوە سەر لەنوێ بەپێی ئارەزوو و ئاواتە نمونەییەکانی داڕێژێتەوە بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت) (مەلازادە، 2016: 242).

(منی باڵا) هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو ڕەوشتانە دەدات، کە لە ناخماندا جێگای خۆیان دەکەنەوە و لەگەڵماندا گەورە دەبن و دەبنە بەشێک لە ئێمە ، سنوورێک بۆ ئارەزووە تایبەتییەکانی مرۆڤ دادەنێت، فرۆید وای دەبینێ، کە (ئید و سوپەر ئیگۆ سەرەڕای جیاوازییە سەرەکییەکانیان کەچی لە شتێکدا بەشدارن ئەویش دەسەڵاتی ڕابردووە و (ئید) نوێنەرایەتی دەسەڵاتی بە میرات بۆماوە دەکات و سوپەر ئیگۆش نوێنەرایەتی ئەو دەسەڵاتە دەکات کەلە خەڵکەوە بۆ تاک ماوەتەوە) (سالح، 2002: 57).

واتە (ئەو یاخود ئید) نوێنەری بۆماوەزانی مرۆڤ دەکات، بەڵام هەرچی منی باڵایە تاک لەڕێگەی خەڵکەوە وەریدەگرێت و مرۆڤ وا لێدەکات لاسایی بکاتەوە.

## 2. ڕەهەندە دەروونیی لە قەسیدەی درێژی (یادنامە)دا:

### ٢. ١: گەشبینی:

ئەم چەمکە لە بواری دەروونناسیدا تازەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەم، گەشبینی ڕوانینێکی ئەرێنیانەیە و بیرکردنەوەیەکی باش بۆ پێشوازیکردن لە ژیان، ئەمەش لە ساتەوەختی وەهادایە، کە لایەنی شادی و گەشبینی و جوانی ڕووداوەکان بەسەر دەروونی مرۆڤدا زاڵ دەبێ، لەبری ڕەنگدانەوەی لایەنی ناشادی و ناخۆشی و دڵتەنگی، کەسی گەشبینیش ئەوکەسەیە، کە تێڕوانینەکانی بۆ ئایندە گەشبینانەیە و لە بازنەی دڵخۆشیو شادیەوە دەسوڕێنەوە، بە واتایەکی دی؛ گەشبینی ڕوانینی تاکە بۆ ئایندە لە ڕوانگەی دەروونێکی شادەوە دێتەبوون، واتە (کەسی گەشبین بە دڵێکی پڕ لە هیواو ئاوات و گەشبینییەوە دەڕوانێت بۆ ئایندەو پرِوای بە دواڕۆژێکی پرشنگدارو دیار هەیە، تەنانەت تێڕوانینی بۆ هەموو دیاردەیەکی واقیع و دەوروبەر هەر لەو لایەنانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕەنگێدەرەوەی دەروونە گەشبینەکەیەتی) (الامامی، 2010: 16).
(فرۆید) پێی وایە؛ (گەشبینی بناغە و پێگەی گشتییە بۆ ژیان) (السلطی، 2010: 34)، تاك گەشبینە لە ژیانیدا ئەگەر ڕووداوی ناخۆش لە لای نەبووبێتە هۆی دروستبوونی گرێی دەروونی، ئەمەش لە کاتانەدایە، کە ئامانجێك/ ئامانجەکانی لە ژیان دیاری دەکات و بەرەو گەیشتنی پێیان هەنگاو دەنێت و گەر دووچاری تەنگژە و کۆسپیش بوو لە ڕێگەی گەیشتندا ئەو- کۆڵنادات و بەردەم دەبێت و سوورتر دەبێت لە گەیشتن پێی و بەدەستهێنانی ئەنجامێك کە خۆی دەیەوێت.

لەم دیدگەوە شاعیر لەم قەسیدە درێژەدا هەموو ئامانج و ئاواتی گەیشتنە بە یارەکەی، بۆیە چەندین خەونی ئەرخەوانی دەکاتە ئامانجی و بەو هیوایەشەوە هەنگاو بەرەو ژیان دەنێت، وەك لە بەشێك لە دێر و نیوەدێرەکاندا ئەو حاڵەتە دەروونییە بە ڕوونی بەرچاو دەکەون، وەك دەڵێت:

**_ کێ دەزانێ من بەقەد چی خۆشم دەوێی!**
**بەقەد بەرزی مانای ژیان؟!**
**بەقەد هیوای عومری گەنجیم؟! بەقەد خۆم یانیش نیشتیمان!**
**_ نانا گیانە لەوەش زیاتر خۆشم دەوێ ی!**
**عیشقت بوومە و لەحزەیەکیش بێ تۆ ناژیم!** (ڕەسوڵ، 2006: 20)

شاعیر لێرەدا هەست و سۆزی خۆی بۆ یارەکەی بەیان دەکات و پێیدەڵێت؛ کە چەند خۆشیدەوێت، خۆشەویستییەك و کە هیوای هەموو ژیانییەتی و بەو خۆشەویستییەوە گیرۆدەبووە، هیوای ژیانی داهاتووی لەسەر هەڵچنیووە، بۆیە لە دیدگەی خۆی دەڕوانێتە بەرانبەری کە ئەمیش بەو ڕادەیە خۆشیدەوێت، بەمەش گەشبینە کە ئەم عەشقە دەگاتە مراد و مەبەست.

دواتر شاعیر باس لەو تۆران و دوورکەوتنەوە کاتییانە دەکات، کە دوو عاشق لەسەر بابەتێك لیکدەتۆرێن و پاش ماوەیەکی کەم ئاشت دەبنەوە؛

**_ ئەو جار جار لێم تورە دەبوو...**
**بەشیعرێ دەگەڕایەوە!**
**منیش کە لێی توورەبامە. وەك موغناتیس**
**نیگایێکی عاشقانەی ڕایدەکێشامەوە داوە!**
**تەنیا نیگای چاوی بەس بوو!**
**من کەسی بووم، ئاشنای بووم**
**تا باوك و دایك و برای بووم**
**ئەویش بۆمن هەموو کەس بوو!** (ڕەسوڵ، 2006: 24 -25)

لێرەدا باس لەو حاڵەتانە دەکات، کە تۆرانەکانی نێوانیان کورت و کاتی بووە، جۆرێك لە نازکردن و لەخۆرازیبوون پێوەدیاربووە، چونکە ئەو عەشقە بە جۆرێك گەورە و پڕ هیوابووە، هەردووکیان (شاعیر و دولبەر)ەکەی نەیانویستووە لەدەستی بدەن، هەر بەم عەشقە و بۆ ئەو عەشقەکەش ژیاون و کۆڵیان نەداوە، بۆیە لە داهاتوو و پێکگەیشتنیان دڵنیابوونە و ئەمەش بۆتە هۆی گەشبینی لای شاعیر.

هەر ئەو عەشقە و دڵنیاییەی، کە باسکرا وای لە هزر و هەستی شاعیرکردووە، باوەڕ بەهیچ شتێك نەهێنێت، جگە لە گەیشتن و شادبوون بە یارەکەی، وەك دەڵێت:

**_ وا چوار وەرزی عومری سیسیش بەسەر دەچێ**
**هەر بەهیوام مۆسیقای دەنگی ناسکت**
**جارێکی تر لە گوێمدا بلەرێتەوە!**
**هەموو ڕۆژێ بە دیار ڕێگا و شەقامەکانی ئەم شارە ڕێگا ئەپرم**
**ئەڵێم ڕۆژێ هەر دێتەوە!**
**تۆ مەداری هەموو بوونی بوون لە تۆ ئەسوڕێتەوە!** (ڕەسوڵ، 2006: 18)

وەك لێرەدا دیارە شاعیر دوای داپڕانیش لە یارەکەی، ئەو عەشقە گەورەی، کە بۆی هەبووە هێشتا بە هیواوەی دەژیت و گەشبینی پێوەدیارە، بۆیە دوای نایەوێت باوەڕ بەخۆی بێنێت؛ کە ئیتر یارەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو/ شاعیر هەمیشە لە چاوەڕوانییدایە و دەڵێت: (ئەڵێم ڕۆژێ

هەر دێتەوە!)، ئەمەش ئەوپەڕی گەشبینییە لە کاتێکدا ئەو دووچاری داپڕان و دوورکەوتنەوەبووە، ئەگەرچی ئە م ترس: (ترس دوور) و دڵەڕاوکێییەی (دڵڕاوکێی داپڕان)ی، هەر لە سەرەتاوە هەبووە و کەچی خۆشەویستی یار و بەڵێنە ناڕاستەکانی بەلاڕێیدا بردوون.

## ٢. ٢: دڵەڕاوکێ

دڵەڕاوکێ هەڵچوونێکی دەروونییە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە ترسێکی گەورە یاخود مەترسیەك، کە ڕوودانی نزیکە، یان هەڕەشە و ترسێك کە سەرچاوەکەی نادیارە، لەگەڵا هەستکردن بە گرژی و فشار و ترسێکی دانەڕێژراو لەڕووی بابەتییەوە، (زۆرجار ئەم ترسە پەیوەستە بە دواڕۆژ و ئاینده)وە (الدباغ، ، 1983: 96)، بە واتایەکی دیکە دڵەڕاوکێ؛ پەشێویی‌و بێزارییە، دۆخێکە لە ترس، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لە هەمان کاتیشدا سروشتییە، چونکە هەر کاتێك هەستمان کرد بە مەترسی و ئارامی و ئاسایشمان لەدەستدا ئەوە دووچاری دەبین، بۆیە مرۆڤ بەردەوام هەست بە دڵتەنگی و وەڕسیی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەترسێت.

لەم دیدگەوە (دیاردە و خاسیەتەکانی دڵەڕاوکێ زۆر نزیکن لە دیاردە و خاسیەتەکانی ترس و لە زۆر لایەنەوە لەیەك دەچن، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، کە ترس کاتییە و سەرچاوەکەشی زانراوە) (قەرەچەتانی، 2010: 39) ، بەلام دڵەڕاوکێ بەپێچەوانەوە، حاڵەتێکی بەردەوامە و سەرچاوەکەشی دەشێت زانراوبێت یان نەزانراوبێت، بەم پێیە دڵەڕاوکێ حاڵەتێکی دەروونییە و وەلامدانەوەیە بۆ مەترسیەکی ناوەکی یان دەرەکی، لەم بارەیەوە (فرۆید) باوەڕی وایە، کە (دڵەڕاوکێ حاڵەتێکە لە ترسەوە تاك تووشی دەبێت، لە ئاکامیشدا دەبێتە مایەی دڵتەنگی و غەمباری و پەستی، کەسی تووشبوو بە دڵەڕاوکێ هەمیشە میزاجی گرژە و ڕەشبینە و دوودڵە و ڕاڕایە لە ژیاندا، زۆر سکاڵا دەردەبڕن- تەنانەت لە خودی خۆشیان- و بە ناخی خۆیاندا ڕۆدەچن و هەمیشە بە گومانن و نائارامن، وێڵن بەدوای ئارامی و جێگیریی) (فروید، القلق، 2006: 51).

هەڵبەتە بەپێی بارودۆخی ژیانی تاك و شوێن و کۆمەڵگە جۆرەکانی دڵەڕاوکێ زۆرن، لەوانە: (دڵەڕاوکێی سێکسی، دڵەڕاوکێی دوورکەوتنەوە و داپڕان، دڵەڕاوکێی قۆناغ، دڵەڕاوکێی چەوسانەوە، دڵەڕاوکێی ئاینده و پێشبینیکراو....)، ئەمانەش جاری وایە کاتیین و بە ماوەیەك نامێنن، کەچی لە بەرانبەردا هەیە بە درێژایی ژیانی لە گەڵیدا دەمێنێتەوە و دەبێتە حاڵەتێکی دەروونی چەسپاوی ناجێگیر لە کەسایەتییەکەیدا، شاعیریش وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگە، پەیوەست بە دەرهاوێشەکانی ئەو کۆمەڵگەی تێیدا دەژیت، بۆیە زۆرن ئەو هۆکارانەی کەوا لە تاکەکان و شاعیر بکەن کە دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ بێت، لەوانە؛ (گۆڕانی قۆناغ و نەگونجانی خود، داپڕان و بێبەشبوون لە خۆشەویستی، دوورکەوتنەوە لە شوێن، تێرنەکردنی حەزە سێکسییەکان، شەڕ و کارەسات، (نەبوونی ئارامی‌و ئاسایش‌و دادپەروەری تاك تووشی دڵەڕاوکێ دەکات) (قەرەچەتانی، 2010: 42)، لەلایەکی دیکە شاعیر بەهۆی هۆشیاری و هۆشمەندییەی هەیەتی، زووتر و زۆرتر و زیاتر هەست ڕووداوو و کارەساتەکان دەکات، بۆیە زۆرجار ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی تووشی شڵەژانی دەروونی و جۆرێك لە هەژانی ناخ و بیر و دڵەڕاوکێی بکات.

لەم سۆنگەوە لەم قەسیدەی (یادنامە)دا چەندین جۆری دڵەڕاوکێ بەدەردەکەون، کە هەموویان سەرچاوە و ڕەگیان لە خودی (یار) گرتووە، چونکە شاعیر خۆشەویستییەکی لە بێسنووری بۆ یارەکەی هەبووە، بۆیە هەمیشە بە ترس و دڵەڕاوکێوە لە داهاتووی خۆی دەڕوانێت و ئەمەش پێشبینی دەکات، بۆیە دوای ڕوودانی ڕووداوە کارەساتبارییەکە، ئەوە بەبیر خۆی و یارەکەشی دێنێتەوە کە ئەو هەمیشە لە دوودڵی ژیاوە و ئەم جیابوونەشی لەپێشچاوبووە، وەك لەم چەند ڕستە شیعرییەدا بەرچاودەکەوێت:

**_ تۆ ئێوارەی ڕەنگی سووتانت لێ دیارە**

**له یەکەم ژوانا زانیم بە عەشقی خۆم هەڵدەواسرێم!** (ڕەسوڵ، 2006: 47-48)

**_ سەرەتا بوو. من دەمزانی!**
**ئەوەی وەفا بێت لات نییە؟!**
**ئەگەر یەکێ وەفای نەبێ.**
**شەونخوونی شاعیری شێتی لا چییە؟!** (ڕەسوڵ، 2006: 53)
دواتر بەهۆی نۆستالژیا و گەڕانەوە بۆ ئەو سانەی پێکەوەبوون، دێنێتەوە بەر باس، کاتێك بە یارەکەی گوتووە، من ترسم لە داپڕان و جیابوونەوەت هەیە:
**_ پێش بینیم کرد.. ئەم پێشبینییەم هاتەجێ**
**وتم گیانە... نە من دەبم بە سیامەند و**
**نەتۆش خەجێ..!** (ڕەسوڵ، 2006: 26)

**_ دەمووت: ئەڕۆی! وەك ڕووباری سەرشێت ئاسا!**
**لەبیردەکەی خۆشەویستیم، وایە یاسا!** (ڕەسوڵ، 2006: 92)

**_ لە ئەلفەوە تاکو یا، تۆ بێ وەفای!**
**هەر لە یەکەم دیدەنییەوە، زانیم بۆ گیانم ئازاری و**
**بۆ خەونەکانم فاتیحای!** (ڕەسوڵ، 2006: 125)

شاعیر کاتێك ئەم قسانە بە گوێی یارەکەی دادەدات، کە دوو دڵە لە ئاکام و ئەنجامی ئەم عەشقە، ئەترسێ عەشقی بە ئاکام نەگات و لە ژیاندا ناکام بێت:
**_ دوودڵ بووم تا سەر ئێسقانم!**
**دوو دڵ بووم لەناو یەك گیانم!**
**تا دوو دڵ بوم لە هەموو شتێکی ژیانم. دوو دڵیت کردمیە دوو کەس!** (ڕەسوڵ، 2006: 36)

لە بەرانبەریشدا (یار)کەی دووبارە و چەندبارە بەڵێنی مردن و ژیانی پێکەوەیی پێدەدات، کەچی نایباتە سەر:
**_ من پێم ووتی و هەر نەتسەلماند**
**دوو دڵ بووم، تۆش کۆمپیاڵەی ماندوونەناسیت بۆم مۆرکرد!**
**وتم کچێ عەشق مەرگە... بۆ سووتانی شەوانی ناگری بەرگە!**
**وتت ئەبم بە پێشمەرگە!!!** (ڕەسوڵ، 2006: 35)
لەم دیدگەیەوە ئەم دەربڕینانەی شاعیر گوزارشتن لەو باری دەروونیێکی ناجێگیرە و نائارام، ئەمەش بە ڕاستەوخۆ دەدرکێنێت، چونکە شاعیر بەشێك لە تێڕوانینەکانی بۆ داهاتوو بریتییە لە پڕوا نەبوونی بە داهاتوو، یاخود ترس لە ئاینده، کە بە پڕوای بەشێك لە دەروونناسان ئەمە تێکەڵەیەکە لە ترس و هیوا بۆ ئاینده، کە تاك بەدەست؛ خەمۆکی و بیروبۆچوونی نەرێنی و دڵەڕاوکێ بێزاری و بێ هیوایی دەناڵێنێت، ئەمەش وەکو گوترا دڵەڕاوکێیەکە حاڵەتێکی تێکەڵەیە لە ترسو دڵنیا نەبوون لە ئاینده، ئەمەشی لە ساردی و بێدەنگی یارەکەی سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەڵێت:
**_ بێ دەنگ مەبە، ئەو بێدەنگییەت دەکوژێ!**
**عیشقی بێدەنگ، وەك گۆرانی**
**بێ ئاواز و مۆسیقایە!**

**ئەوینی کڕ، خۆشەویستی مات و کپیش!**
**ئاخر گیانە**
**دوو دڵی و گومانی تیایە!** (ڕەسوڵ، 2006: 21)

دواتر دەگاتە ئەو واقیعەی؛ پێشبینییەکەی دێتەجێ: یارەکەی جێیدەهێڵێت، بۆیە ترس و دڵەڕاوکێیەکەی لێ دەبێتە ڕاستی، وەك دەڵێت:
**_ بەقەد دوو مەرگ ئەترسم!**
**بەقەد دوو ئازار ئەپرسم!**
**ئەبێ منی لەبیر مابێ؟ هەر بۆم بژی؟**
**یان گۆڕاوە و لە خەمی یەکێکی تر دایە!** (ڕەسوڵ، 2006: 19)

دواجار ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە دەبێتە واقیعێکی پەیوەست و گرێدراو بە ژیانی شاعیر، بەجۆرێك کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەست و نەست و ژیان و گوزەرانی جێدەهێڵێت، بەمەش تووشی بێ ئومێدی و خەمۆکی دەکات.

**٢. ٣: خەمۆکی:**
هەڵچوونەکان بەگشتی (خۆشیو ناخۆشی) ڕاستەوخۆ لەسەر گۆڕانە فسیۆلۆجییەکان و دەروونییەکان کاریگەرن و مرۆڤ دەخەنە بارێکی تایبەتییەوە ئەو هەڵچوونانەش، یان کاتییە یان ڕەوشتێکی دووبارە بووە لە حاڵەتێکی نائاسایی بەدەردەکەوێتو لەوانەیە تا کاتێکی درێژیش بخایەنێت، (زۆرجاریش هۆکارێکی بەرجەستە و دیاریکراوی نییە، وەکو کاریگەری ڕووداوەکانی سەردەمانی زوو، ئەو پەروەردەیەی، کە خودی کەسێتی لەسەر بنیات نراوە دەبنە هۆکاری دەستنیشانکردنی ئاستی زۆری و کەمی هەڵچوونەکان، بەتایبەتی هەڵچوونی ناخۆش، کاریگەربوونی ڕووداوەکانیش ڕادەی بچووکی و گەورەیی هەڵچوونەکان بەدەردەخەن) (ڕەسوڵ، 2006: 114)، (خەمۆکی)ش حاڵەت و بارێکی دەروونییە لە خەمباریەکی چڕ یاخود خەستی بەردەوام کە لە دۆخێکی ئازاراوی و خەمبارییەوە سەرچاوەدەگرێت، کە (دەربڕینە لە شتێکی نادیار لە کەسی ئازاراوی خەمبار سەرهەڵدەدات، دەربڕینە لە شتێکی نادیار، هەندێکجار کەسی خەمۆك (خۆ)ی سەرچاوەی ئەو دڵتەنگی و خەم و خەفەتەییە کە تووشی بووە) (العنانی، 2000: 79)، بەم پێیە خەمۆکی وەکو جۆرە هەستێك یان جۆرە میزاجێك، کەم کەس هەیە تووشی نەبووبێت، ئەویش لە ئەنجامی دڵەراوکێ و بەربەرەکانی دەروونییدا تووشی دەبێ، لە گرنگترین نیشانەکانی (ئارام نەبوون و بێزاری و وەڕس بوون و بێ هیوایی و ڕەشبینی لە ژیان، هەستکردنی بەردەوام بە دڵتەنگی....) کەسی خەمۆك بەچاوی گومان و ڕاڕاییەوە دەڕوانێتە ژیان.
لەم سۆنگەیەوە ئەو کەسانەی بەشی هەرە زۆری ژیانیان بە خەم و پەژارە و نەهامەتی بەسەردەبەن، زۆرجار تووشی هەڵچوونە دەروونییەکانی (دڵەراوکێو خەمۆکیو نامۆیی...) دەبن، خەمی داهاتووش لە دەروونییاندا سەرهەڵدەدات و بە گومانەوە دەڕوانە ژیانی داهاتوویان، هەمان بۆچوونیش لەسەر شاعیران دەسەپێت، چونکە (شاعیر وەك هەر هونەرمەندێك و ئەدیبێکی تر لە ژیانی ڕۆژانەییدا تووشی کێشە و گرفت دەبێت، هەندێك لەو کێشە و گرفتانە لە شیعریدا ڕەنگدەداتەوە و دەریدەبڕێت، بێگومان دەربڕینیش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی کاریگەری ئەو کێشانەیە، کە باری دەروونیی شڵەژاندووە و خەمباری کردووە) (ئەسعەد، 2012: 133)، بە واتایەکی دیکە: (پاڵنەرەکان بە داینەمۆو جوڵێنەری ڕەفتاری مرۆڤ دادەنرێن و دەیخەنەگەڕ و تووشی گرژی و ناڕەحەتی دەکەن و ناچاری دەکەن بەدوای ئەو مەبەستو ئامانجانەدا وێڵ بێت، کە ئەو پاڵنەرە تێردەکات بۆئەوەی لەو گرژیو نائارامییە رزگاری

بێتو بگەڕێتەوە بۆ دۆخی هاوسەنگی) (الماضی، 2010، 145)، زۆربەی پاڵنەرە دەروونییەکان کە پاڵ بە مرۆڤ/شاعیر دەنێن بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووە چەپێنراو و هەوەسە دەروونییە بەندکراوەکان، کە کاریگەری لەسەر ژیانی ئاگایی هەیە، هەروەکو (فرۆید) بۆی دەچێت، (عەقڵی نائاگایی دانەمرکاوەتەوە و لەکارنەکەوتووە) (الماضی، 2010، 152)، بەڵکو بەئاگایە و چالاکە، کاردەکاتە سەر ژیانی عەقڵی ئادەمیزاد بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، هەڵچوونیش حاڵەتێکی جەستەیی و دەروونی هەڵچووە، ئادەمیزاد لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، پێی تێکدەچێت و بارودۆخی دەشێوێت و شوێنەواری لەسەر دەردەکەوێت، هەڵچوونیش دەرناکەوێت تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت، کە غەریزەیەك لە غەریزەکان لە حاڵەتی چالاکییدا بێت وەك ترس و تورەیی و شادیو دڵتەنگیو هەوەسو سەرسورمان، زۆرن ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی خەمۆکی، لەوانە؛ (لەدەستدانی کەسێك، لەدەستدانی پلەوپایە، شکست لە خۆشەویستی،....) (ڕوانە: قەرەچەتانی، 2010: 26- 27)

لەم دیدگەیەوە هۆکارێکی گرنگ، کە ڕۆڵی لە تووشبوونی کەسێك بە خەمۆکی هەیە؛ ڕووداوەکانی ژیانی سەردەمی منداڵیو هەرزەکارییەن، کە چەپێنراون یان شکستی پێهێنراون، بەمەش دەکرێت بگوترێت: خەمۆکی ڕەنگدانەوەی خەمێکی خەست و خۆڵە لە ژیانی شاعیردا، کە لە شیعرەکانییدا ئەو هەستە خەماوییە دەردەکەوێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی شاعیرە لە ژیانییدا تووشی چەندەها خەم و ئازار و مەینەتی و دڵتەنگی بووە، دواتر لە بنیاتی پێکهاتەی شیعرەکانییدا ڕەنگیداوەتەوە.

بە واتایەکی دیکە: خەمۆکیی شاعیریش لەو دەقە شیعرییانەیدا دەردەکەوێت، کە بەرگێکی ماتەم و تاریك و ترسناك دەکاتە بەر دیمەن و وێنە و دیاردەکانی دەوروبەریی و ڕەهەندێکی غەمگینانەیان پێ دەبەخشێت، وەك ئەوەی لە ژیانی (سەرکەوت ڕەسوڵ)دا ڕوویداوە و لە قەسیدەی درێژی (یادنامە)دا ڕەنگیداوەتەوە، وەك لەم چەند ڕستە شیعرەدا بەدەردەکەوێت:

**_ تۆ لە باسی عیشق گەڕێ**
**وەرە بەناو خوێنی زەردما**
**برۆ ژوورێ بە سەفەرێ**
**جەرگی لەت لەت تەماشاکە و**
**ئەو دڵەم بۆ بپشکنە**
**لە برینی داپڕانی خۆت بگەڕێ**
**وەرە لە دەروازەی سینگم بۆ ئاهی زۆر گوێ ڕادێرە!**
**سووتانی ڕووم هەر هیچ نییە! گوێ مەدەرێ!** (ڕەسوڵ، 2006: 62)

**_ شەوانە چاوم ڕووبارە و دڵم... پاساریی غەریبە**
**ڕۆحم شەکەت. پەنجەکانیشم داگیرساون هەروەکو مۆم.** (ڕەسوڵ، 2006: 33)

**_ ئێستا نازانم چۆن ئەژیم! ئێستا نازانم چۆن ئەڕۆم**
**زۆر تامەزرۆی بینینی تۆم**
**هەر لەو رۆژەی جیابووینەوە،**
**بادەی خەمی دووریت ئەخۆم!** (ڕەسوڵ، 2006: 34)

**_ من فرمێسکم بۆ خۆم دەگریم**
**ئاخر چۆن شەوی گریانم. بە خەندە و ئاوات ئاواکەم!** (ڕەسوڵ، 2006: 42)

لەم چەند ڕستە شیعرییە شاعیر باس لە حاڵەتی دەروونی خۆی دەكات، كە تێدا دەگوزەرێت، ئەویش ئەو حاڵەتە ناهەموار و نەخوازاوەیە تژییە لە خەم و ئازار و گریان و مەینەتی، وەك لە واژەكانی: (وەرە لە دەروازەی سینگم بۆ ئاهی زۆر گوێ ڕادێرە!، سووتانی ڕووم هەر هیچ نییە! گوێ مەدەرێ، شەوانە چاوم ڕووبارە و دڵم... پاساریی غەریبە، ئێستا نازانم چۆن ئەژیم! ئێستا نازانم چۆن ئەڕۆم ، بادەی خەمی دووریت ئەخۆم! ، من فرمێسكم بۆ خۆم دەگریم....). هۆكاری ئەمانەش وەك خۆی ئاماژەی پێكردووە دابڕان و جیابوونەوەیەتی لە دولبەرەكەی: (هەر لەو ڕۆژەی جیابووینەوە، بادەی خەمی دووریت ئەخۆم! ).

سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی خۆی كە خۆشەویستەكەی پێیداوە، بەڵام هێشتا دەیەوێت بە دولبەرەكەی بڵێت: (خۆشمدەوێیت) وەرە سەیری حاڵی پەرێشانم بكە:

**_ چیت بۆ بلێم. چی ما ئاخر!**
**نە فرمێسكم ما. نە شیعر**
**مەگەر هەر لە نێو سووتانما**
**بسووتێم و ببمە ئاگر.** (ڕەسوڵ، 2006: 66)

ئاخر ئەو ئازار و خەمە گەورە شاعیر هەیەتی، سەرچاوەكەی لە خۆشەویستییەكی زۆرەوە دروست بووە، بۆیە بێ یارەكەی هەمیشە خەم و ژان میوانییەتی:

**_ خەم بۆتە خۆراكی ژینم**
**خەم بۆتە باسی سەرزارم**
**خەم بۆتە گۆرانی و شیعرم**
**خەم بۆتە باسی بەهارم.** (ڕەسوڵ، 2006: 76)

خەم و ژانێك، كە شاعیر خۆیشی دەزانێت جگە لە خۆ ئازاردان و خۆخواردنەوە هیچی تری لێ سەوز نابێت، وەك دەڵێت:

**_ چەند لە خەمی دووری بدوێم، هەر ناگەم پێت**
**ئەی شیوەنی ڕۆژی ڕەشی منی سەرشێت.** (ڕەسوڵ، 2006: 91)

پاشان هەست بە بێ هیوای دەكات و لەوپەڕی بێ ئومێدی دایە، بۆیە بوون و نەبوونی خۆی لا وەك یەكە، چونكە لە دونیایی خەم و تەنیایی فەنابووە و بۆتە میراتگری ئێش و ژان، وەك دەڵێت:

**_ بۆ گڕ نەگرم؟ بۆچی نەبم بە خۆڵەمێش**
**وابوومە بە دەروێشی ئێش! (ڕەسوڵ، 2006: 93)**

**دواتر بە یارەكەی دەڵێت: كاتێك حاڵی منی دەردەدار و پەرێشان وا دەبینیت، كە خۆت وات بەسەرهێناوم و خۆت هۆكاری ئەم ڕەنگ زەردییە و سووتانەمی، ئیتر بۆ لە حاڵم دەپرسی.**

**_ دە مەپرسە و چیدی پرسیار لە كلۆڵی و بەختی ڕەشی منیش مەكە!** (ڕەسوڵ، 2006: 93)

یان:

**_ مەپرسە چۆن ئێستا گڕم تێبەربووە..**
**ژەهری كوشندەی دووری تۆ، لە دەمارمدا ڕۆچووە!** (ڕەسوڵ، 2006: 94)

شاعیر خۆیشی لەو حاڵەی تێیدایە بێزار و وەڕسە، بۆیە هەر خۆی سەرزەنشی خۆی دەكات، بۆ كارێك، كە كردی: (خۆشەویستی)، پەشیمانە، چونكە خستوویەتییە دۆخێك هەست بە بوونی خۆی ناكات، بەڵكو لەناو ئەودا تواوەتەوە، بۆیە نەبوون و جیابوونەوەی (ئەو/ دولبەر) دەروونی تێكداوە و بیركردنەوەی داگیركردووە، لە خویشی ونیكردووە:

**_ ئەی ڕەشتر لە چەهرەی ڕەشم، تاوانم كرد كە تۆم ناسی!**
**ئەی زەردتر لە ئێوارەی من.. لە ڕەنگی من،**

**پەشیمانم کە قەدەری عەشق و ژینم، بە کۆتەڵی تۆ هەڵواسی!** (ڕەسوڵ، 2006: 48)

دواتر لەتاو ئەو خەم و ئازارەی هەیەتی، پەنا دەباتەبەر نۆستالژیا و باسی ئەوە دەکات، کە پێشینیان لە ئەزموونی خۆیان گوتوویانە و ئەویش بیستوویەتی، بەڵام پەیڕەوی نەکردووە، بۆیە خۆی بە شایستەی ئەو ئازارە دەزانێت:

**_ سەرتاسەری لەشی شەکەتم وا خەریکە لە دەریای عیشق نغرۆ دەبێت!**
**وشەش شەوانە گۆرانی بۆ سووتانی ڕۆحم دەڵێت!**
**زۆرم بەرگوێ کەوت لە تاڵیی ئەویندارى**
**زۆرم بیست و گوێم نەدا هیچ لە پەند و وانەی دڵدارى!**
**تا لە ئاکام عەشق سەرچاوەی ژانم بوو،**
**چاوەکانیشم ڕووباری!** (ڕەسوڵ، 2006: 99)

پاشان شاعیر بە دەروونێکی شڵەژاو و بە ڕوویەکی پەشۆکا و بە دڵێکی خەماویی و خەمگین، ئاوڕ لە مێژووی ژیانی دەداتەوە و دەفتەری یادەوەرییەکانی دەکاتەوە، بەڵام چی دەبینێت:

**_ وا دانیشتووم. لەناو ئەلبوومی فرمێسکم**
**لە ساتێکی عومری بێ فرمێسك ئەگەڕێم**
**بوومە دەروێش فرمێسك و**
**هەر گریان شێخمە بۆ ڕێم!** (ڕەسوڵ، 2006: 134)

شاعیر لە تەواوی دیمەکانی شریتی عومریدا و تروسکایی شادی بەدی ناکات، هەموو یاد و یادەوەرییەکانی و بە ژیانی ئێستاکەشیەوە پڕە لە خەم و تەمی ڕەشی نامورادی و سەرگوزشتەی تۆران بێوەفایی و دووری و داپڕان و جیابوونەوە.

کەواتە شاعیر بەهۆی پەیمانشکێنی و بێوەفایی یارەکەی دەروونی هەڵدەقرچێت و خەم یەخەی دەگرێت، بۆیە دەرپڕینەکان بە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئاماژەن بۆ ئازار و مەینەتییەکانی ڕۆژگار و گوزارشتن لە ڕەشبینیو پەژارەییو نائومێدی و هاوار و ئاخ هەڵکێشان و توانەوە، چونکە داپڕانی یار کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ویژدان و دڵ و دەروون و جیهانبینی تاك/ شاعیر جێهیشتوون، بۆیە بەرەو حاڵەتێکی دیکەی دەروونی ئاراستەی دەکەن، ئەویش نامۆیی و گۆشەگیرییە.

### ٢. ٤: نامۆیی:

حاڵەتو دیاردەیەکی دەروونیو کۆمەڵایەتییە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەم خەسڵەتە دەروونییە لای هەموو کەسێك بەپێی باری دەروونیو ژینگەکەی بوونی هەیە، مرۆڤەکان هەرچییەك بن و لە هەر پلە و پایە و سەر بە هەر ئاستێکی ڕۆشنبیری بن، دەشێت دووچاری ئەم حاڵەتە ببن. دەروونناسەکان لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە تێڕوانینی خۆیان لەبارەی ئەم چەمکەوە خستۆتەڕوو: یەکێك لەو زانایانە (فرۆید)ە، کە پێی وایە (نامۆبوون ئاکامی جیابوونەوەی ئاگاییە (الشعور) لە نەست (لاشعور) و ئەوکاتەش کەسەکە لەژێر کاریگەری ئارەزووە خەفەکراوەکانیدا رەفتار دەکات) (عاقل، 1976: 12)، هەروەها پێی وایە (نامۆبوون لە ئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێککارییەکانی شاراوە دروست دەبێت، کاتێك دوچاری ئاڵۆزییەکانی شارستانییەت و ڕێککارییە جۆربەجۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێك بۆ تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی، سەرئەنجام تاك ئەم ویستو ئارەزووانە لە ناخییدا خەفە بکات) (قادر، 2006: 47).

کەواتە (فرۆید) نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ؛ ئەو کۆت و بەندەی، کە لە پێوەر و یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و لەسەر چالاکییە غەریزەیی و بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ لەڕێگەی

دامەزراوە کۆمەڵایەتیو ماددییەکانی کۆمەڵەوە دەسەپێنرێ و نابێ مرۆڤ لێی لابدات. ئەم نامۆبوونەش زۆرجار لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکات، بە واتایەکی دیکە: (منی باڵا) وەکو دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەوەی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی لە نامۆبوونی تاکدا هەیە. (ڕوانە: محەمەد، 2001: 6).

(ئەریك فرۆم) کانێك باس لەم چەمکە دەکات بە کۆمەڵێك پەیوەندی دیاریکراو دەیبەستێتەوە، وەك (پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروبەری خۆی و پەیوەندی بە کەسانی دی و بە سروشت) (حسن، 1995، 67) ، بەم پێیەش بەلایەوە نامۆیی دیاردەیەکی دەروونییە و لە ئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، لە گرنگترین جۆرەکانی نامۆیی لای (فرۆم) بریتییە لە نامۆیی خود، کە بەهۆی فشاری دەسەلاتی (منی باڵا)وە (من) تووشی ئەو حاڵەتە دەروونییە دەبێت و هەستی داڕان و نامۆیی لا دروست دەکات، بەمەش نامۆیی چەشنێکە لەو ئەزموونەی، کە تیایدا تاك بەرانبەر خودی خۆی، خۆی بە نامۆ دێتە بەرچاو.

لەم دیدگەوە کەسی نامۆ بە هۆی بارودۆخێکی تایبەتی نامۆ دەبێت لە هەموو شتەکانی دەوروبەریی، تەنانەت لە هەندێ دۆخدا کەسی نامۆ، (جۆرە ڕەفتار و ئاکارێك دەنوێنێت، کە لەگەڵ ئاکاری باوی کۆمەڵگادا ناگونجێت و لە ڕووی چاڵاکی و بەشداری کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە کەسێکی گۆشەگیر و دوورەپەرێز لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا) (قادر، 2007: 5-6) ، چونکە نامۆیی لەو بارودۆخەدا سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤ بەهۆی فەنابوون لە بارودۆخێکی خەماوی و ڕەشبینی، بەهۆی شکست و لەدەستدانی شتێك، تاکێك، ناتوانێت خۆی لەو جیهانە کۆمەڵایەتییەدا ببینێتەوە، کە جاران لە پێناوییدا دەجەنگا.

هەڵبەت جۆرەکانی نامۆیی بە پێی بارودۆخی تاك و کۆمەڵگە و سەردەم دەگۆڕێن، بۆیە چەندین جۆری نامۆیی سەرهەڵدەدەن، لەوانە: (نامۆیی ئایین، نامۆیی نیشتمان و کۆمەڵا، نامۆیی لە بوون و ژیان، نامۆیی لە خود: نامۆیی کۆمەڵایەتی، نامۆیی سۆزداری،.....).

ئەوەی لەم قەسیدە شیعرییەدا هەستی پێدەکرێت زیاتر (نامۆیی سۆزداری)یە، ئەویش ئەو جۆرە نامۆییەیە، کە بەهۆی لەدەستدانی ئازیزێك یان کەسێکی خۆشەویست دروست دەبێت، زۆرجار ئەم جۆرە نامۆییە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان دوو خۆشەویست یاخود بەهۆی داڕان و سەرنەکەوتنی پرۆسەی خۆشەویستییەوە دروست دەبێت، کە دەرهاویشتەی ئەم دۆخی داڕان و جوداییە دەشێت کەسەکە تووشی ئەم جۆرە لە نامۆیی ببێت و لە گوفتار و ڕەفتارییدا ڕەنگبداتەوە، لەم حاڵەتەشدا (هەندێجار کەسی نامۆبوو واهەست دەکات هیچ شتێك دڵی نادادەوە و هیچ کەسێکی تر ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ ناکاتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو دووریو داڕانە بۆی دروست بووە) (قادر، 2007: 28) ، بۆیە دواجار وادەکات ئەم تاکە لە خودی خۆشی نامۆبێت، بەمەش جۆرێکی دیکەی نامۆیی لەم جۆرە لەدایك دەبێت، کە نامۆبوونە لە خود؛ ئەویش ئەو حاڵەتەیە، کە کەسی نامۆ (تیایدا هەست بە ڕەشبینی دەکات، داوا و خواست و ئامانجەکانی بە ڕەشی دەبینێ، هەموو مەسەلە دەروونییەکانی ناخی دەگاتە بنبەست و چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە، مرۆڤ دادەبڕێت لە خۆیو هیچ پەیرەوو ڕوایەکی هاوبەش لەنێوان خۆیو خەڵکانی دەوروبەریو خەڵکانی نێو کۆمەڵگاکەیدا نابینێتەوە) (محەمەد، 2001: 12)، ئەمەش لە ئاکامی لە دەستدانی ئەو باوەڕ بەخۆبوونەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تاك/شاعیر هەیبووە و بۆی نەهاتۆتەدی، بۆیە دەکەوێتە دووبەرەکی و ململانێ لەگەڵ خودی خۆی، هەست بە لەدەستدانی پەیوەندی دەکات لەگەڵ خۆیدا، بەمەش داڕان و جیابوونەوە لە نێوان عەقڵ و ویژدانی سەرهەڵدەدات و گۆشەگیر و نامۆ دەبێت، بەشێوەیەك کە تاك لە نیگەرانو ڕەشبین دەکات، وەك ئەوەی لەم ڕستە شیعرانەدا بەرچاو دەکەوێت:

هەر لە دەسپێکی هەستکردنی شاعیر بە کۆچ و جیابوونەوەی یارەکەی، پێیدەڵێت و تکای لێدەکات، کە لەم بڕیارە نابەجێیە پەشیمان بێتەوە، چونکە ئەو هەموو تەمەنی خۆی و بەو بەخشیوەو و هەموو دونیا لە چاوی ئەودا دەبینێت، بۆیە دەڵێت:

**_ بۆ کوێ دەڕۆی؟ بۆ یاخەی کۆچت گرتووە؟**

**تەنیام مەکە، لەم ڕۆژگارە چەقبەستووە!** (ڕەسوڵ، 2006: 120)

وەکو دیارە شاعیر هەواڵی تەنیایی و نامۆیی خودی بە هۆی دابڕان لە سۆزی یارەکەی ڕاستەوخۆ درکاندووە و وەك دەڵێت: (تەنیام مەکە، لەم ڕۆژگارە چەقبەستووە)، بۆیە ڕاستەوخۆ بە جێهێشتنی ئەو/شاعیر دەبێتە کەسێکی بێزار و خەمبار لەژیان و دابڕاو و گۆشەگیر لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ڕەشبین بە داهاتوو، بەڵام هێشتا هەر وێل و عەوداڵە بۆ هاتنەوەی یارەکەیی، بەمەش وایلێدێت کە هیچ کەس نادوێنێت، تەنیا ئەوەی هەیە، جارجارە لەبەر خۆی وڕێنە دەکات و باس لە حاڵی خۆی دەکات و دەڵێت:

**_ تۆ لە کوێی من لەو شارە وێرانەدا بۆت دەگەڕێم!**

**بۆ خۆت ونکردووە بێ هەواڵ، وەکو ئەیوب وا لە ژووری**

**زەرد هەڵگەڕاوی چاوەڕێم!**

**تۆ لە کوێی؟! تۆ لە کوێی؟!** (ڕەسوڵ، 2006: 116)

یان:

**_ تۆ لە کوێی؟ بۆ نادوێی؟ ئەم شارە وا خەوی لێکەت!**

**درەخت و گوڵ، تا ئەستێرەش ئۆقرەی نەما وا ئەویش خەوت!** (ڕەسوڵ، 2006: 117)

ئەمانە ئەو دەربڕینانەن؛ کە لە دڵ و دەروونێکی خەمناك و تەنیا هاتوونە کایەوە، پەیامن بۆ ئەو کەسەی کە وای بەسەرهێناوە، چونکە شاعیر هیچ شك نابات و کەسی نییە تا دەردە دڵی بۆ بکات، تا دەردەڵکردنیشی هەر بۆ ئەو کەسەیە؛ کە سەرچاوەی ئازار و مەینەتی و نامۆبوونەکەیەتی، بۆیە زۆرجار لەم دەردە دڵکردنە گلەیی لە یارەکەی دەکات و دەڵێت:

**_ منت جێ هێشت وەك باڵندەی بریندار و شکستەباڵ!**

**بۆیە عیشقیشت بە تاڵ بوو**

**وەکو نوێژ و ڕۆژی بەتاڵ!** (ڕەسوڵ، 2006: 37)

دواتر ئەو هەڵچوونەی هەیەتی و لە دەروونییدا پەنگیخواردۆتەوە بۆتە سەرچاوەی تەنیایی و خەمۆکییەکەی، دەکاتە گلەییەکی توند ئاراستەی دەکات و دەڵێت:

**_ لە دوای ئەوەی سەبووریت برد**

**عومرت لێم برد. شیعرت لێم برد!**

**جوانیت لێم برد. خودات لێم برد!**

**ئەوەی هەمبوو. ئەقڵ و دڵ و**

**نیشتمان و دایك و خاك و**

**ماڵیم و دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتوو بەهەشتت لێم برد!** (ڕەسوڵ، 2006: 52)

بۆیە دواتر ئەو خۆشەویستیە گەورەییە کە لە ناخییدا هەبووە، ئەگەرچی لە واقیعدا کۆتایی هاتووە، بەڵام لە ناخ و دەروونی شاعیر هەر بە گەورەیی ماوەتەوە و هەر ئەو گەورەییەشە واڵێکردووە هەموو دیاردە و شتەکانی دەوربەری، کە(ئاسایی و سروشت)یشن، وەك خۆی نێتە بەرچاو و هەموو شتێکی لێ بگۆڕێت:

**_ ئیتر هەتا ژیان مابێ گۆرانی پڕ تاسە ئەڵێم!**

**ئیتر نە ئاسمان ئاسمانە و**

**نە هەور و ڕەهێڵە و باران ....**
**تا من شیعری پێ هەڵبڵێم!** (ڕەسوڵ، 2006: 124)
بۆیە لە دڵ و دەروونی شاعیردا هیچ کەس شوێنی (ئەو/ یار) ناگرێتەوە، بۆیە دوای ئەو جیابوونەوەیە گۆشەگیری هەڵبژێرێت و خەم لە هەموو ئەوانەش دەخوات و کە وەك ئەون، تەنانەت ڕەشبینە بە هەموو ئەوانەی تریش، کە وەك ئەون.
**_ من هەمیشە گۆشەگیرم**
**خەم لەتۆ و لە کچانی ئەم وڵاتە نەگریسە دەخۆم!** (ڕەسوڵ، 2006: 130)

دواتر هۆکاری ئەم گۆشەگیریی و ڕەشبینییەی بە کۆمەڵێك گلەیی بەیان دەکات و دەڵێت:
**_ مەپرسە من کێ بووم و چی بووم هاتم!**
**مەپرسە! من لەگەڵ با یان باران هاتووم!**
**من لە جوانی جوانییەك دەگەڕێم نەبینراوە،**
**من لە ئازاری ئازارێك دەگەڕێم ون بووە.**
**من لە شمشاڵێك ئەگەڕێم، لەوەتەی مێژوو مێژووە..**
**بە نەغمەی ئازارەکانی دڵی کوون کوونی، کوون بووە..** (ڕەسوڵ، 2006: 44)

لەوەش زیاتر دەڵێت و ئۆباڵەکەشی دەخاتە سەر یارەکەی، کە هۆکاری ئەم هەموو ناخۆشی و نەهامەتییانە بووە، بۆیە ئیتر پرسیار لە سیمای شێواو و دڵی هەپروون بە هەپرووبووم مەکە:
**_ مەپرسە چۆن بەیەك کاتا یادەکانت، هەم شایە و**
**هەم ژەهری مردن دەنوێنی!**
**لەورۆژەوەی دابڕاوین، هەرچی دەکەم چونکە بێ تۆن، بێ تام و بۆن!**
**مەپرسە چۆن بیرەوەریت سەری عومری کورتم دەخۆن!**
**مەپرسە چۆن. ڕۆژ و شەوم بەبێ مانا دێن و دەڕۆن!** (ڕەسوڵ، 2006: 93)

بۆیە دواجار گۆشەی تەنیایی هەڵدەبژێرێت و بە دڵێکی پرەوە ڕووی دەمی لە یارەکەی دەکات و جۆرێك لە پەشیمانی دەنوێنێت، لەو کە کردوویەتی و ئەو/یاری خۆشویستووە:
**_ تۆ چرا بووی من پێمکردی و کوژایەوە.** (ڕەسوڵ، 2006: 68)

لەمەش زیاتر دەڵێت، ئیتر هیچی تر ئامادەیی وەها کارێك نییە و گۆشەیی غەریبی هەڵدەبژێرێت:
**_ چیدیکە بۆ سووتانی خۆم**
**برینی نوێ پێ ناکەم!** (ڕەسوڵ، 2006: 68)
هەڵبژاردنی ئەو گۆشەیەش لەخۆرا نییە، چونکە شاعیر ئەوەی ئەزموونکردووە، کە لەم وڵاتەدا مرۆڤی ڕاست و دروست بوونی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا بەرژەوەندی و کات بەڕێکردنە، بۆیە هەر یەکێکمان بە دەردێکەوە دەناڵێنێت:
**_ چونکە لێرە لەم وڵاتە. شۆستەی شەقام مەنزڵگای عاشقەکانە و**
**شەقام گۆڕخانەی پیرۆزی مەرگی ئازیزان و یاران!** (ڕەسوڵ، 2006: 85)
ئیتر هەموو ئەو نەهامەتییانە بەهۆی خۆشەویستنی لە ڕادەبەدەری یارەوە سەرچاوەی گرتوون، ئەو یارەی کە شاعیر وەك (بت) دەیپەرستی و خۆشیدەویست، تا دواجار ئەوەی لە خەونیشدا چاوەڕێی نەدەکرد لە لایەن ئەو کەسەوە کرا، بۆیە خەم دایدەگرێت و (ڕەشبین) دەبێت بەرانبەر بە ژیان و داهاتوو.

**٢. ٥: ڕەشبینی:**

بە پێچەوانەی گەشبینی، ڕەشبینی ڕوانینێکی نەرێنیانەیە بۆ ژیان، لە دید و هەستێکی ڕەشبینەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەویش پەیوەستە بە چەپاندنی ئامانج و ویستەکانی لە ژیاندا، بۆیە تاکی ڕەشبین ڕوانینێکی نەرێنی بەرانبەر هەموو لایەنەکان و دیاردەکان و ڕووداوەکان هەیە، تاکێکی گۆشەگیر و نائومێد و دڵتەنگە. بە واتایەکی دیکە: حاڵەتی ڕەشبینی لە ژیانی تاکدا سەرهەڵنادات، تەنها لەوکاتانەدا نەبێت، کە گرێیەکی دەروونی هەبێ، گرێی (دەروونیش پەیوەستییەکی ویژدانی نەرێنی بەهێز و ئاڵۆز و پێکەوەلکاو لەگەڵ بابەتێك لە بابەتە دەرەکی یا ناوەکییەکاندا پێکیان دەبەستێتەوە، بەمەش حاڵەتی ڕەشبینی بەسەریدا زاڵا دەبێ، بۆیە بە ڕوانینێکی ڕەشبینانە بۆ ئاینده دەڕوانێت و لە بازنەیەکی داخراوی تاریکی و بێ ئومێدی دەسوڕێتەوە)(نجم، 1991: 69).

لەم ڕوانگەیەوە دەروونناسان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، کە ئەگەر تاکێك لە بواری سۆزداری و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرکەوتوو نەبوو و تووشی شکست هات، لە ئاکامدا تاکێکی ڕەشبینی لێدەردەچێ، ڕەشبینیش لە هزری کەسیی ڕەشبیندا، ڕوانینێکی ئاساییە، چونکە بۆتە پرۆگرامی ژیانی، ئەو لایەنی خراپ لە هەموو شتێك وەردەگرێت و سەرنجی دەخاتەسەر، هەستیارییەکی لە ڕادەبەدەری بۆ دیاردەکان هەیە، بەمەش ڕەشبینی ڕوانینێکی خراپە بۆ ئاینده، بەمەش ڕەشبینی خەسڵەتێکی کەسێتییەکە، کە لە ژیانییدا خەم و پەژارەی زۆری بەسەردا هاتبێت و ئازاری (دەروونی و جەستەیی) زۆری چەشتبێت، بۆیە لاوازی ئیرادە و پروابەخۆنەبوونیش هۆیەکە لە هۆیەکانی ڕەشبینی، هەر لەسەرەتاوە بەدبەخت و چارەڕەشی و بارودۆخی خراپ و ناهەموار تووشی ڕەشبینی دەکات. لەلایەکی دی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ لایەنی ڕەشبینی لە ژمارە نایەن، وەك دیاردەی هەژاری و کەمدەرامەتی و دواکەوتوویی و نادادپەروەری و ڕێزنەگرتن و بێ ئەمەکیی و پەیمان شکاندن سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕەشبینیین.

کەواتە ڕەشبینی حاڵەتێکی دەروونییە و لە ڕابردوویەکی بەدینەهاتووی گەشبینییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگە زۆرجار دوچاری ئەم حاڵەتە نەرێنییە دەبن، شاعیرانیش وەك هەر تاکێك ئەم لایەنە بە زەقی بە شیعرەکانیاندا دیارن، چونکە شیعر خۆی هەڵقوڵاوی سۆز و ویژدانە، بۆیە ڕەشبینی لەم قەسیدەیەی (سەرکەوت ڕەسوڵ)دا بە ڕوونی دیارە، چونکە ئەو سەرەتا بەو پەڕی گەشبینییەوە هەنگاوەکان دەهاوێژێت بۆ گەیشتن بە یارەکەی و دەستپێکردنی ژیانێکی خۆشبەخت، بۆ ئەوەش هەموو کۆسپەکانی بەردەمی لادەبات و کۆڵنادات بۆ گەیشتن بە یارەکەی، کەچی بێ خەبەر لەولاوە، هەر خودی یارەکەی ڕیسەکەی لێ دەکاتەوە بە خوری و دەیهێنێتەوە یەکەم هەنگاو، بەڵام چ هەنگاوێك؟ هەنگاوێك کە هەموو شتەکانی دەورووبەری بە هۆی بێوەفای بێ بەڵێنی یارەکەی لەپێشچاو دەکەوێت و خەم باڵی بەسەردادەکێشێت و بەرانبەر هەموو شتێك ڕەشبینی دەکات، ئاخر ئەو چاوەڕێی شتێکی وەها لە یارەکەی نەبوو، کە کردی. ئیتر باوەڕی چی بە ئەم و ئەوانی دیکە بکات و دڵی چی بەم دونیایە خۆشبێت، وەك دەڵێت:

**_ دەمووت ئەو چیرۆکەی ئێمە**
**هەتا هەتا دوایی نایە!**
**نەمدەزانی بەسەرهاتی ئەم عومرەمان**
**ڕۆژی ڕەشی وای لە دوایە!** (ڕەسوڵ، 2006: 59)

**_ هێندە گوتمان بۆیەك ئەبین**
**تا بۆیەك بوون بووە مەحاڵ!**
**هێندە وتمان خۆشەویستیی بەهەشتمانە**

**تا خۆشەویستی بوو بە چاڵ!** (ڕەسوڵ، 2006: 25)

**_ ئەوسای جاران بۆت دەهاتم، پێم بە تووندی زەوی دەگرت!**
**ئێستاکە وەك نیوە ڕۆحێك پێم هەنگاوی نیوە ڕۆحانەی ڕێ ئەبڕێت!** (ڕەسوڵ، 2006: 98)

لەم چەند ڕستە شیعرەدا بەڕوونی ئەوە بەدەرکەوێت، کە شاعیر تەواوی مالۆچکەی خەونی ژیانی بەهۆی داپرانی لە یارەکەی ڕووخاوە و ڕەشبینی بەهۆی دوورکەوتنەوە شوێنی گەشبینی گرتۆتەوە، هەروەك ئەمەشی پێشتر بە یارەکەی گوتووە، کە هەرگیز نەکات بیر لە جێهێشتن و دوورکەوتنەوە بکات، چونکە ئەو ژیانەی کە هەیەتی و ئەو هەناسانەی کە پێیدەژیت بە بوونی ئەو/دولبەرەکەیەوە:
**_ ووتم نەکەی هۆ یار نەکەی. پەنجەی کۆچت بە ئارەزووش لە خوێناوی یاد وەرنەدەی!**
**ووتم نەکەی! ئازیز نەکەی. کۆچ و کۆچبار**
**بۆ گاڵتەش بێ. لە بناری شەودا نەخەی**
**وتم شەوی دووری ئێمە. بە بێ کابووس بەسەرناچێ!** (ڕەسوڵ، 2006: 23)
**_ تۆ!!! ئاخ لەتۆ!!!**
**تۆ برینی و سارێژبووونیش بۆ نیە!**
**تۆ ئازارێکی نەمری و**
**لەناوچوونیشت بۆ نیە!**
**تۆ شەووێکی پڕ کابووسی ئاوا بوونیشت بۆ نیە!**
**هەر چۆن هەموو شتێکی بۆم! جارجارە بوونیشت نیە!**
**تۆ ئاخ لەتۆ! .. گەورەترین قارەمانی بێ وەفایی عەشقی گەوەرەی سەدەی بیستی!** (ڕەسوڵ، 2006: 16)

**_ نە فرمێسکم لە چاوان ما. هەتا یادت بەگریان بێ!**
**نە عومرت هێشت. بۆ سەبووریش چیتر هیوام بە ژیان بێ.** (ڕەسوڵ، 2006: 75)

شاعیر لەم رستەشیعرانەدا لەلایەك گلەیی لە یارەکەی دەکات و بۆ ئەو جێهێشتنە و بێ بەڵێنییەی کە بەرانبەری کردووە، لەلایەکی دیکە ئەو خۆشەویستییەی دەرووونی ئاشکرا دەکات کە بۆی هەبووە، کە چۆن بە داپرانی سەبووری و ئاواتی لێ کوشتووە، لە ژیان بێ هیوای کردووە.
تەنانەت لەمەش زیاتری بەسەرهێناوە، والێکردووە تا لێواری مەرگی بردووە، وەك دەڵێت:
**_ خۆ من وا زیندووم روح ئەدەم**
**کەی ئەوە کۆچ بوو مەرگ بوو!**
**هەرکە ڕۆیی ژیان ڕۆیی، من دا دەست ڕەنجەڕۆیی.** (ڕەسوڵ، 2006: 28)

**_ من کە مەرگم هەر مەرگێ بێ**
**بۆچی لەناو ئەو ئازارە نەمرەی خۆم، تل نەخۆم و نەمرمەوە!**
**من کە ژینم .. هەر سووتان بێ!**
**بۆچی لەناو سووتانی خۆم وەکو قەقنەس**
**سووتانی تۆش لەباوەشم نەگرمەوە؟!** (ڕەسوڵ، 2006: 104)

**_ من دەزانم لەپی ئێمە، مەرگی عیشقی لێ نووسراوە!** (ڕەسوڵ، 2006: 96)
بەم جۆرە داپران و بێوەفایی یار دەبێتە هۆی پێچەوانەکردنەوەی ژیانی شاعیر و گۆرانی دەروونێکی پڕ هیوا و ئاوات و گەشبین لە ژیان بۆ بەر و پیری مەرگ چوون و خۆزگە خواستن بە مردن، ئاخر ئەو ژیانەی کە ئەو هیوای بۆ دەخواست، نەك هەر پێینەگەیشت، بەڵکو ڕێك پێچەوانەی ئەزموونکرد، بۆیە ژیانی ئەو نەك هەر خۆشنابێت بەڵکو ژیانی هەر دۆزەخێکە بۆخۆی: (من کە ژینم .. هەر سووتان بێ! بۆچی لەناو سووتانی خۆم وەکو قەقنەس).

دواتر شاعیر دەیەوێت بەم هەموو شکست و دۆرانەوە ئەوەمان پێبڵێت: کە بۆچی ڕەشبینە؟
**_ من شوێنی مەرگ دەناسم! ئەو شوێنەیە کە دوو دڵدار لێك دادەبڕێت!**
**ئەو سا بوومەلەرزەی عەشق، هەموو دونیا دەگرێتەوە! ڕەشبینی.** (ڕەسوڵ، 2006: 101)
یان دەڵێت:
**_ لەوڕۆ بەدوا شیعری زامی ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە،**
**کە تا ئێستاش سەری تەمەنی من دەخوا...**
**لەوڕۆ بەدوا چاك دەزانم،**
**تەمەن هەر بۆ باوەشی سەرابێ ئەڕوا!!** (ڕەسوڵ، 2006: 84)

پاشانیش ئەو ژیانەی ئەزموونی کردووە و ڕەشبینی بە گوفتار و کردارییدا دیارە، هێشتا خەمی داهاتووی ئەواندیکەی لەبەرە، بۆیە دەیەوێت ئامۆژگارییان بکات:
**_ ئەی ئەوانەی هێشتا سووتان خەوی لەچاوان نەبردوون!**
**زۆر تکایە لەم ڕۆژهەڵاتە نەگریسە!**
**لەم وڵاتە پڕ ئیبلیسە!**
**با چیدیکە گوڵی دڵتان شەهید نەبێت!!** (ڕەسوڵ، 2006: 99)
واتە ئەو مەبەستییەتی بڵێت: بۆ ئەوەی بە دەردی من نەچن، ئازار نەبێتە میوانتان، ژیانتان نەبێتە دۆزەخ و وەکو قەقنەس لەناویدا نەسووتێن و خۆزگە بە مردن نەخوازن، ئیتر دەست هەڵگرن لە عەشق و ئەڤینی، لە کاتێکدا ئەگەرچی هەقیقەتی پێوەدیاربێت، بەڵام ئەو پەڕی ڕەشبینییە و بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووس و داهاتووێك، کە هێشتا نەهاتووە و نەزانراوە.

**٢. ٦: نەرگسییەت:**
نەرگسییەت ئەو حاڵەت دەروونییەیە، کە کەسێك دووچاری دەبێت، بەهۆی ئەوەی کە زۆر لە خۆی ڕازی دەبێت و خۆی لە هەموو کەس پێ باشتر و چاکتر و جوانترە، بۆیە عاشق بەخۆی دەبێت، خودی زاراوەکەش بۆ یەکێك لە ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان دەگەڕێتەوە، کە گەنجێك بەناوی (نارسیس) زۆر جوان و کەشخە بووە، ڕۆژێکیان لە دەم ئاوێکی ڕووندا دەوەستێت، دواتر سەیری ئاوەکە دەکات و خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەمەش زۆر بە جوانی و کەشخەیی وێنەی ناو ئاوەکە سەرسام دەبێ، دواجار بە مەبەستی دەستکردنە ملی وێنەی ناو ئاوەکە خۆی فڕێدەداتە ناو ئاوەکە، دواتر لە ئەنجامدا دەخنکێت و لە شوێنی خنکاندنەکەشی گوڵێك دەڕوێت و ناوی ئەو هەڵدەگرێ، (صالح، 2010، 69)
لەم ڕوانگەوە (فرۆید)یش لە ساڵی 1914 لە وتارێکدا بە (سەرەتایەك لە نەرگسیەت) ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە نێرگسیەت گوزارشتە لە قۆناغێکی گەشەی مرۆڤ، کە لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی منداڵییدا بە دەردەکەوێت، دواتر ئەم حاڵەتە گەشە دەکات و لە قۆناغێکی تردا ڕوو لە

کەسانی دەوروبەری دەکات، بە واتایەکی دیکە؛ مرۆڤ لە سەرەتای ژیانییدا بە خود خۆشویست دەستپێدەکات و پاشان بە خۆشەویستی کەسانی تر دەگات.
هەڵبەت کەسێتی نێرگسی چەندین ئەدگاری هەن؛ لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، کە هەست بە شکۆمەندی دەکات، هەست دەکات کەسێکی ئاسایی نییە و خۆی زۆر خۆشدەوێ، واهەستەکات هیچ کەس وێنەی ئەودا نییە و دەگمەنە، بۆیە چاوەڕوانی نواندنی ڕێزێکی تایبەت و زۆر لە کەسانی دیکەوە بۆ کەسێتی و بیروڕاکانی دەکات(دالبیر، 1984: 38)، لە لایەکی دیکە یەکێك لە گریمانەکانی ڕێبازی دەروونی لای (ئەدلەر) ئەوەیە؛ کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتەواوە لە لایەنێك: (جەستەیی، کۆمەڵایەتیی ..)، بۆئەوەی ئەو کەمییە پڕبکاتەوە پەنا دەباتە بەر میکانیزمی قەرەبووکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی دەروونی، (عماد، 2005: 35)، بەم جۆرەش نەرگسیەت وەکو میکانیزمێکی قەرەبووکردنەوە وایە بۆ لە کیس چوونی سۆزی سۆزە لەدەستچووەکان و پەراوێزخستنە کۆمەڵایەتییەکان.
لەم دیدگەیەوە نەرگسیەت لای (سەرکەوت ڕەسوڵ) بە قەرەبووکردنەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموار و شڵەژاوییە دەروونییە دادەنرێت، کە بەهۆی لەدەستدانی یارەکەی دووچاری بووە، بۆیە دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە شێوەیەك لە هاوسەنگی دەروونی بەدەستبێنێتەوە، وەك دەڵێت:

**_ تۆ ڕویشتی و منیش ئیتر گۆرانیت بۆ ناڵێمەوە!**
**ئەگریم، ئەڕۆم، بەتاسەوە، بێ ئومێد سەر ئەنێمەوە!**
**بە سووتانی گڕی شیعرم واتێنەکەی مەیلم ماوە؟!**
**ئەو ئاوێنەی تۆم تیا بینی، ئەمێستاکە وا شکاوە!** (ڕەسوڵ، 2006: 43)

ئەم دەربڕینانە دوای ئەوە دێن، کە یارەکەی بەبێ مروەتی بەجێیدەهێڵێت، بۆیە ئەویش شێوەیەك لە بێمنەتی پیشاندەدات، خۆی بەرزتر لەو دەبینێت، بۆیە دەگەڕێتە بۆ ڕابردوو و ئەوە بە بیر (یار)ەکەی دەهێنێتەوە، کە سەرەتا چۆن بووە و بەراورد ئەمیش/شاعیریش چۆن بووە، وەك دەڵێت.

**_ لە بیرت چوو! کاتێ هاتی، بەبێ جوئەت،**
**نەتدەزانی چۆن بێیە گۆ!**
**لە بیرت چوو، کورسی وانەت پێنەزانی**
**گوێچکەم گرتی و لەسەرعەرشی کەلاوەی ئەم دڵەم دانای؟!**
**لە بیرت چوو، ئەی خانمە هیچ نەزان و نەفامەکە.** (ڕەسوڵ، 2006: 46- 47)

سەرەتا یار هیچی لە عەشق و ئەڤین نەزانییووە، تەنانەت هێندە شەرمن بووە، شەرم بۆتە ترسێك لە گیانی، کەچی ئەوە شاعیرە فێری کردووە، کە عەشق خۆراکی دڵ و دەماغە، بۆیە لە پێناویدا چەندین ئازار و مەینەتی چەشتووە و چەندین شەوان بە حەسرەت و فرمێسکەوە نووستووە:

**_ لە بیرت چوو چەندان چەمی فرمێسکم بۆت درێژ کردەوە؟!**
**تۆ خۆت بە قوربانم دەکرد، بە ژیان و بە خۆتەوە!**
**لە بیرت چوو؟! دەتووت: گیانە، لەوەتەی تۆم خۆشویستووە**
**تاجی خەونی بەختەوەریم بردۆتەوە!** (ڕەسوڵ، 2006: 48)

ئەم خۆشەویستییە بۆتە مایەی کامەرانی بۆ یار و خۆشییەکی نەپراوە، لەم پێناوەشدا شاعیر هەموو شتێکی جوان و بەنرخ و گەورەی پێبەخشیووە، تەنانەت ڕۆحی خۆیشی، وەك دەڵێت:

**_ لە بیرت چوو! وەك منداڵێ**
**بۆ نوقڵی شیعر دەگریای**
**منیش یەك یەك، مرواری و پل پلەی ڕۆحم**
**لە یاخە و بەرۆکی دەدای!** (ڕەسوڵ، 2006: 54)

لەم دیدگەوە لە تەواوی ئەم ڕستەشیعرانەدا لە هەموو بەراوردکردنەکاندا شاعیر لە پلەیەکی بەرزتر و باشتر خۆی دەبینێت، هەر ئەمەش وادەکات، کە جارێکی دیکە ئەوە بە گوێی یارەکەیدا بداتەوە، کە بێ تۆیی نایێتە هۆی وێرانکردنم، بەڵکو من بەهێزم، هێزم لەوە زیاترە، کە بە نەمانت ڕوخێم:

_ وا تێنەگەی دڵی شیعرم بێ خانەقایە و حاڵ ناگرێ
نەخێر ئازیز! ئەو دڵەی من لوتکەی چیایە و قەت نامرێ. (ڕەسوڵ، 2006: 70)

دواتر موژدەی ڕادەگەیەنێت و هەواڵی ئەوە بەیارە بێوەفاکەی دەدات، ئەو دڵەی ویستت بیخەیتە ناوگۆڕ، هێند بەهێزە قەت نامرێت، وەك دەڵێت:

**_ ئەو دڵەی کە مەرگت بۆ خواست، دوا هەواڵی:**
**سەر لە نوێ ژییەوە..** (ڕەسوڵ، 2006: 71)

بۆیە دواتر خۆی لەو خۆشەویستییە کرچ و کاڵە بێ بەری دەکات و حاشا لەو کەسێتییە نزمەی ئێستای یارەکەی دەکات، لە کاتێکدا باس لەوە دەکات؛ کە ئەو- شاعیر جۆرێکی تر پێشبنی بۆی/ (بۆ یار) هەبوو، کە بەرز و گەورە و بەڕێز و وەفاداربوو، کەچی مخابن وا دەرنەچووی، لە کاتێکدا من هەر خاوەن بەڵێنبووم و نەگۆڕام:

**_ لێم ببوورە ئەگەر ئێستا حاشا بکەم!**
**پەشیمانم، ئەو دوند نەبووی کە مامۆستاکەت وای ویستی!**
**تۆ هەر خۆشەویستی خۆتی..** (ڕەسوڵ، 2006: 106)

بەم شێوەیە حاڵەتە دەروونییەکان و خودییەکان ڕۆڵیان لە بنیاتی بابەتی دەقە شیعرییەکانییدا هەیە بەتایبەتیش ئەو دەقانەی کە خود و تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی (من) بەرجەستە دەکەن، ئاماژەن بۆ نەرگسیەتی شاعیر و جەختکردنەوە و شانازی کردن بە (من)ی شاعیر، چونکە (نەرگسیەتی شاعیر نەرگسیەتێکە بە کاری ئەدەبی و شیعر قەرەبووی دەکاتەوە، .... شاعیر دەیەوێت لەم ڕێگەوە سۆزی خەڵك بەلای خۆیدا ڕابکێشێ وەك داهێنەر نەك وەك کەس) (اسماعیل، 1963: 34)، لەلایەکی دەیەوێت ئەو ناهاوسەنگیی شڵەژانە دەروونی بەم حاڵەت و دەربڕینانە قەرەبوو بکاتەوە، بۆیە زۆرجار ئەم حاڵە دەروونییە وای لێدەکات جۆرێك لە ڕق و کینە لە بەرانبەر ئەو/یار ئەوانی دیکە هەڵبگرێت، بەمەش حاڵەتی لە کەسێتییدان و سادیستی لە پێناو (من) دا سەر هەڵبدات.

### ٢. ٧: سادیزم:

ئەم دیاردەیە هەر لە کۆنەوە لەناو مرۆڤەکاندا بوونی هەبووە، کە لە بنەڕەتدا بە واتای توندوتیژی دێت لە کاتی سێکس کردندا، ئەم زاراوەیە لە وشەی (سادی) لە (ناوی ڕۆمانووسی فەڕەنسی (مارکیزدی سادی) وەرگیراوە، کە لە نێوان سالانی 1740- 1814 ژیاوە، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی و تەنانەت ژیانی تایبەتی خۆیشی پڕبووە لە توندوتیژی و ئازاردانی ژنەکەی لە کاتی سێکسدا) (قەرەچەتانی، 2010: 179)، تەنانەت (ماکیزدی) گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەکە لەگەڵ ئافرەتێکدا، (چەند چەقۆیەك لە ئافرەتەکە دەدات و پاشان مۆمی تواوە دەکات بە شوێنی چەقۆکاندا) (ولسن، 2005: 51)، کە ئەمەش ئەوپەڕی توندتیژییە بەرانبەر یەکێك کە ئارامیت پێببەخشێ، بەڵام ئەو بەم کارە توندوتیژییەی لەزەت و خۆشی وەردەگرت.

دواتر سنووری زاراوەکە فراوانتر بوو، بۆ هەموو لایەنە توندوتیژییەکانی مرۆڤایەتی بەکارهات، بەمەش ناوەڕۆکی زاراوەکە گوزارشتە لە خۆشی و چێژوەرگرتن لە توندوتیژی کردن و ئازاردانی ئەوانیدیکە، ئازاردان و توندوتیژیش بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو لایەن دابەش دەبێت، کە ئازاردانی (جەستەیی و دەروونی)یە.

لەم دیدگەوە سادیزم حاڵەتێکی توندتیژی کردارییی یان گوفتارییە لە لایەن کەسەکان بەرانبەر ئەم و ئەوانی دیکە ئەنجامدەدرێت، ئەویش لە دەرئەنجامی شکستهێنان لە بابەتێك، لایەنێك، کارێك،کە بۆی دەبێت گرێیەکی دەروونیی و حاڵەتێکی ناخۆشی ویژدانی و خۆ بەکەمزانیین و سەرنەکەوتن لە پرۆسەیەکدا، بۆیە بە لایەنێکی تر هەڵدەدات قەرەبووی ئەم شکست و گرێ دەروونییەی بکاتەوە و پەنا بۆ توندوتیژی (جەستەیی) یان (دەروونی) دەبات.

کەواتە بەهۆی ئەوەی کە دەروون بەشێکی دانەپڕاو و بەیەکەوە پەیوەستە، سەرنەکەوتن لە پرۆسەیەك دەشێت ببێتە هۆکاری ئەم توندوتیژانە، بۆیە شاعیریش وەك هەر تاکێکی کۆمەڵگە دووچاری چەندین گرفت دەبێتەوە، هەر لە (سەرنەکەوتن لە پرۆسەی سێکس، لە گەیشتن بە یار، هەژاری، ...)، کە دیارترینیان لە قەسیدەی (یادنامە) شکستە لە گەیشتن بە یار، بەهۆی ئەوەی کە کورەکە/ شاعیر لە ڕووی ئابوورییەوە لە چینی خواروبووە، بۆیە ئەم/ یار بەدوای هەوەسی خۆشی ژیان و سەرمایە و ناوبانگ کەوتووە، وەك شاعیر ئاماژە بە دۆستی تازەی یارەکەی دەکات و کە هەبوونە و ئەمیش نەبوونە، دەڵێت:

**_ ئەو ڕاس پۆتینەی سبەی دێ!**
**دەستی دەخاتە گەردەنت!**
**ئەو زار پۆتینەی لە دوای من**
**سروودی پیاهەڵدان دەڵی بۆ تەمەنت!**
**ڕەنگە خاوەنی تەلاربێ،**
**ڕەنگە بۆتۆ سەفتە گەڵای زەبەندی زۆری بەهاربێ..**
**ڕەنگە وەك من نەدار نەبێ و شاعیر نەبێ و**
**پێی نەڵێن شێت!** (ڕەسوڵ، 2006: 64- 65)

یان لە شوێنێکی دیکەدا باس لە نەداری خۆی دەکات و دەڵێت:

**_ من ئێستاکە دەرۆزەکەرەکان شك دەبەم خۆشم بوێن!**
**هەژارانی نێو شێخەڵلا و وڵاتەکەم بەرزن لە لام**
**خۆشم دەوێن!** (ڕەسوڵ، 2006: 80)

گوزارەکانی(دەرۆزەکەرەکان، هەژاران، کەسانی نێوبازاڕی شێخەڵلای هەولێر)، گوزارشتن لە نەداری و هەژاری شاعیر، چونکە خودی بازاڕەکە لەو قۆناغەدا (کە ئێستاکە بازاڕەکە نەماوە و بۆتە باغی شار)، شوێنی کەسانی کاسبکار و هەژار و دەستگێڕ و نەداران بوو.

لەلایەکی دیکە بێوەفایی یارەکەی و بەدواکەوتنی هەوەسەکانی بۆ خۆشی ژیان و جێهێشتنی بوونەتە مایەی ئەوەی، کە شاعیر زۆر ئازاری بەدەستییەوە بچێژێت، بۆیە ئەو چۆن خۆویستانە شاعیری جێهێشتووە، ئەمیش/شاعیریش خودویستانە شمشێری ساموڕایی وشەی ڕق و تۆڵەی لە بەرانبەریدا هەڵدەکێشێت و تا ئاستی وەشاندن دەیبات، بەجۆرێك وشە و واژەکان پڕن لە هەڵڕشتنی ڕق و توندوتیژی دەروونی بەرانبەر ئەو/یار، بۆ ئەمەش هۆشداری پێدەدات و دەڵێت:

**_ وریابە گیانە وریابە!**
**من لێرەوە ڕەشەبامە.. بۆ ڕاماڵینی گەڵاکان دەکەومە کار!**
**هەتا ئێرە من پایز بووم. ئێستا دەرویشم بۆ بەهار!** (ڕەسوڵ، 2006: 37)

شاعیر لە ئاگا نامەکەییدا ئەوە بە گوێچکەی یارە بێوەفاکەیدا دەدات، کە ئەو زەمەنە بەسەرچوو خۆشەویستی سەروەربێت و منیش بە قسە درۆیینە سۆزاوییەکان هەڵبخەڵەتێم، ئیدی ڕق شوێنی هەموو شتێکی گرتەوە، وەك دەڵێت:

**_ من سپارتاکۆسی قینم! ئێستا بە دابی قوربان و گیان و نوزانەوەت**

**نوێژی عەشق بەرپاناکەم!**
**ئێستاکە لە خوێن دەگەڕێم، هەتا بیکەم بە قوربانیی.** (ڕەسوڵ، 2006: 42)
شاعیر نائارام و تووڕەیە، بۆیە کوردەواری گووتەنی (خوێن بەری چاوی گرتییە)، بەهۆی ئەو ناپاکییەی بەرانبەری کراوە، بۆیە دەڵێت:
**_ پاڵەوان نیم، بەڵام گیانە دەتترسێنم**
**لە شەوی پەردەی گومانا**
**ببمە کابووس پشت لە ویژدان و خوداکەم**
**ئەگەر پەشێویشت وای نەکرد**
**من ئامادەم ئەمشەوەی پف لە چراکەم!** (ڕەسوڵ، 2006: 41)
شاعیر ئەو ڕقەی لە دڵییەتی کاردانەوەیە نەك کار، دەرئەنجامە نەك دەستپێك، بۆیە هەڕەشەی شەوی یەکەمی بووکێنی لە یارە بەدنمەکەکەی دەکات، لە کاتێکدا ئەم شەوە بۆ ئەو/یار خۆشترین شەوە، کەچی شاعیر بەوپەڕی لەخۆڕازیبوون و لەخۆبایبوون هەڕەشەی لێدەکات کە ئەم شەوەی بکاتە ناخۆشترین شەو، بۆ ئەمەش نموونەی شیعرە بەرزەکەی (عەبدوڵلا پەشێو) بە کە ناونیشانی(لەدەستم دێ) دێنێتەوە و دەڵێ من وەك ئەو پڕ میهرنابم و خۆشەویستی دوێنێت ناتوانێت قینی ئەمڕۆم بشواتەوە و ساردم بکاتەوە لەو کارەی کە دەبێتە ئازار بۆت، بۆ ئەمەش چەندین نهێنی لەلا هەن و دەتوانێت ژیانی ئێستای ساراونگون بکات، وەك دەڵێت:
**_ زۆر ئاسانە! چۆنم بوێ ناوت بێنم!**
**زۆر ئاسانە بە بێخەوە دەرت بێنم**
**زۆر ئاسانە بتی... عەشق لە پەرستگای خۆشەویستیم دا بشکێنم**
**لە توانامە و دەستکردی خوای ئیلهاممی**
**چۆنم بۆێ بتڕوخێنم!** (ڕەسوڵ، 2006: 54)
یان دەڵێت:
**_ زۆر ئاسانە بتکەم بە قوربانی وشە**
**زۆر ئاسانە بتوەرێم وەکو گەڵای هەر درەختێ**
**کە لەژێر پێی ڕێبوارانا ژاکاوە و سیمای شێواوە!** (ڕەسوڵ، 2006: 55)

شاعیر دەزانێت ناردنی هەموو پەیامە توند و هەڕەشەئامێزانە، دڵی ئافرەتێك وێران دەکەن و ئازاری زۆری دەروونی دەدەن، بۆیە ڕەنگە (یار) بیر لە جۆرێك لە پەشیمانی و شەرمەزاری و دووبارە گەڕانەوە بۆ لای ئەو/شاعیر بکات و ئەویش بە خۆشەویستییەوە بیبەخشێت، بۆیە دەڵێت:
**_ واتێنەگەی هیوام ماوە و بۆت دێمەوە!**
**سەری ئەم وشانەش دەبڕم**
**کە باسی تۆی پێ کرابێ!** (ڕەسوڵ، 2006: 60)

شاعیر نە لە خودی یار، بەڵکو لەو وشانەش بە ڕقە کە ڕۆژێك بۆ ئەو دەرپڕاون، بۆیە هەڕەشەی سەرپڕین و بڕیاری لە فەرهەنگ دەرکرنیان بۆ دەردەکات، تەنانەت بۆ ئەو گەڕانەوەیە پەیامی توندتری ئاراستەدەکات، کە ئیتر کۆنە برینی نەکولێنێتەوە و بەهیچ کلۆجێك و بە هر هۆکارێك بیر نەکاتەوە لە گەڕانەوە:
**_ ئاگاداربە... سەر نەدەیە تەکیەی ئەوسام!**
**نەکەی گیانە! بۆ بتخانە و خانەقام بێی**
**نزیك مەبە لە سنوور و تەلبەندی قین و ڕقمەوە!**
**ئێستاکە من دڵم لوغمە!**

**شیعرم لوغمە!**
**زارم لوغمە!**
**ماچم لوغمە!**
**نیگام لوغمە!**
**ئەترسم بێی بەیەکجاری بتەقمەوە!** (ڕەسوڵ، 2006: 107- 108)
وەك دەزانرێت، لوغم هۆکاری کوشتنی جەستەیە، بۆیە شاعیر خواستوویەتی بۆ هەموو ئەو شتانەی، کە دەتوانرێت پەیامی ڕق و تۆڵەی پێوە گرێبدات لە (شیعر، زار، نیگا،..)، ئەمەش دووبارە ئازاردانێکی تری دەروونیین بۆ بەرانبەرەکەی، کە خۆی لە بەرئەنجامی جێهێشتن و بێ مروەتی خودی یارەوە سەرچاوەیان گرتووە.
بۆیە دواجار پێدەڵێت، پرۆ ئیتر لێم گەڕێ و نزیکم مەبەوە، با هەر خۆم بسووتێم و تۆ نزیکم مەکەوە با بەگڕی تۆڵەم نەتسووتێنم:
**_ لەمڕۆ بەدوا لێم مەپرسە**
**ئەدرەسی من شاری گڕە، من ناونیشانم بۆ سووتان .** (ڕەسوڵ، 2006: 38)

## ٢. ٨: حەزی سێکسی (شیعری ئیرۆتیك):
لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەدا لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەکانی (فرۆید) و دەروونناسیدا بۆ غەریزەی سێکسی ئاماژەمان بە گرنگی ئەم لایەنە کرد لە ژیانی تاکەکەسداو پاشان ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتو چالاکییەکانیدا، کە ئاڵۆشی سێکسی یاخود ئەوەی بە (لبیدۆ) ناودەبرێ بزوێنەری سەرەکی چالاکییەکانی کەسێتی مرۆڤە هەروەها ئاراستەشی دەکات.
خەفەکردن وەکو میکانیزمێك یاخود وەکو دیاردەیەکی دەروونی بنەڕەتی ڕێگری دەکات لە دەرخستنی حەزو ئارەزووەکان بۆ ئاستی هەستی، بەڵکو لە نەستدا کپیان دەکاتەوە، (ئەو) کە نوێنەری غەریزەکانە هەوڵدەدات، کە ئەوانەی لە نەستدایە بیخاتە سەر ئاستی هەست تا لەسەر ئەرزی واقیع بێتەدی، بەڵام (منی باڵا) کە نوێنەری دابو نەریتی ڕۆحی و کۆمەڵایەتیو ڕەوشتە لە بەرانبەر (ئەو) رادەوەستێ کە نەیەنە سەرەوە. ئەم دۆخە لە ڕەفتاری مرۆڤدا دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان (ئەو) و (منی باڵا) لە ئاکامدا وا لە (من) دەکات، کە زۆرێك لە ڕەفتارەکانی خەفە بکات.. ئەو خەفەکردنە لەلایەك دەبێتە سەرچاوە بۆ لەدایکبوونی چەندین دەقی شیعری داهێنەرانە و لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی دڵەراوکێ و نیگەرانی ئەم ململانێیەی نێوان (ئەو) و (منی باڵا) لە ڕەفتاری مرۆڤدا بەرجەستە دەبێ لە ئاکامدا زۆرێك لە ڕەفتارەکانمان کپ دەکەینەوە.(عبدالحمید، 2011: 63)، بەڵام ئەوەی لەم دەقەدا دیارە بەشێکی کەم، لە حەزە سێکسییەکان مومارەسەکراون، واتە نەگەیشتۆتە حاڵەتی تێربوون، بۆیە ڕەنگدانەوەی ئەو مومارەسەکردنە و حەزکردن بە دووبارەکردنەوە و وای لە شاعیر کردووە، لە چەند شوێنێکی دەقەکە باس لەو ژوانانە بکات، کە لەگەڵ یارەکەییدا ئەنجامی داون و جۆرێك لە لەزەتی وەرگرتووە، وەك دەڵێت:
**_ کاتێك حەزی ماچێ ئەکەم وەك ماچەکانی بەیتوونە و**
**تامەکەی وەك تامی ئەوسا بێ!** (ڕەسوڵ، 2006: 118)

**_ چەند حەزدەکەم، وەکو جاران بێمەخوار کێلگەی جەستەت**
**پاوانی سینگ و مەمانت بۆ وەنەوزێ بژێینمەوە...** (ڕەسوڵ، 2006: 132)

**_ ئاخر هێشتا دوا وشەی (خۆشم دەوێی) تۆم لەبیر نەچووە و..**
**لە یادم ماوە!**

**ئاخر هێشتا دوا ماچی من. وەك خوناوی لێولری گوڵ**
**هێشتا بە لێوتەوە ماوە**! (ڕەسوڵ، 2006: 50)

**_ خۆ هێشتا ماکیاژی لێوەکانی تۆ**
**بە یاخەی شانمەوە ماوە**! (ڕەسوڵ، 2006: 51)

لە لایەکی دیکە شاعیر دەیەوێت بەم دەقانە جۆرێك شت وەبیر یارەکەی بهێنێتەوە، کە تا دوێنی چۆن بووە بۆ ئەو/شاعیر و ئێستاش چۆنە؟، بۆ ئەمەش دەیەوێت جۆرێك لە ئازاری دەروونی بدات، وەك دەڵێت:
**_ ئێستاش بینت.. بۆنی لێو و مەرەکەب و**
**شیعرەکانی منی لێدێ....**
**دە پێم بڵێ چۆن ڕابردووت دەسڕیتەوە؟!**
**دە پێم بڵێ چۆن بەرامبەر خواو خەڵکانی ئەم شارەی خۆت**
**چاوانت هەڵدەبڕیتەوە؟!** (ڕەسوڵ، 2006: 56)

دواتر بۆ ترساندن و تۆڵەکردنەوە و ئازاردانی دەروونی یارەکەی دوێنیی، دەڵێت:
**_ خۆ دەتوانم ماکەکانی ماچ و مژین لە گەردەنت ئاشکراکەم!** (ڕەسوڵ، 2006: 61)

**_ ئێستاش وەك ئەوسا دەتوانم**
**داستانێ ماچ بگێڕمەوە!**
**رۆمانی حەزە شێتەکان. سیپارەی لەزەتی گۆیەت!**
**لەسەر سینگت بۆ ڕێبواران بخوێنمەوە.** (ڕەسوڵ، 2006: 70)
دواتر داوای لێدەکات، کە یار خۆی ئەوشانە بۆ دۆستە تازەکەی بگێرێتەوە، کە لەگەڵ کەسێکی دیکە/شاعیر ئەنجامیداوە، ئایا ئەرێت بتوانێت ئەو کارە بکات؟؟؟ بێگومان نەخێر، ئەمەش تەنیا بۆ وەبیرهێناوە و ترساندن و پیشاندانەوەی ئەلبوومی عومری کۆنی دڵدارییەتی بە دۆستە تازەکەی، وەك دەڵێت:
**_ گیانە توخوا گەر پێی نەڵێیت!**
**سینگم پاوانی دەستێ بوو**
**حوبری شیعری پێوە ماوە**
**پێش تۆ شیعر لێم ئاڵاوە**
**درێژبووە لەگەڵ مندا. هەڵچووە وەکو لاولاوە**
**گیانە توخوا گەر پێی نەڵێیت:**
**دەست و پەنجەی شاعیری شێت**
**ئێستاش بۆنی لە سینگم دێت!**
**ئێستاش نۆتەی حەز و لەززەت**
**لە دۆرێ میی تەلی سینگی من دەژەنێت!** (ڕەسوڵ، 2006: 65- 66)

.....................................................................................................

## ٣. ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە و بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕەخنەی دەروونیی گەیشتیین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. گەشبینی بنچینە و پێگەی گشتییە بۆ ژیان، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر لەم قەسیدە درێژەدا هەموو ئامانج و ئاواتی گەیشتنە بە یارەکەی، بۆیە چەندین خەونی ئەرخەوانی دەکاتە ئامانجی و بەو هیوایەشەوە هەنگاو بەرەو ژیان دەنێت، وەك لە بەشێك لە دێر و نیوەدێرەکاندا ئەو حاڵەتە دەروونییە بە ڕوونی بەرچاو دەکەون. تەنانەت لە هەندێك شوێندا دەردەکەوێت؛ شاعیر دوای داپڕانیش لە یارەکەی ئەو عەشقە گەورەی، کە بۆی هەبووە هێشتا بە هیوایەوەی دەژیت و گەشبینی پێوەدیارە، بۆیە دوای نایەوێت باوەڕ بەخۆی بێنێت؛ کە ئیتر یارەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو/ شاعیر هەمیشە لە چاوەڕوانییدایە، کەچی بەئازیزەکەی ناگات.

2. لە قەسیدەی (یادنامە)دا چەندین جۆری دڵەڕاوکێ بەدەردەکەون، کە هەموویان سەرچاوە و بناغەیان لە خودی (یار)ەوە گرتووە، چونکە شاعیر خۆشەویستییەکی بێسنووری بۆ یارەکەی هەبووە، بۆیە هەمیشە بە ترس و دڵەڕاوکێوە لە داهاتووی خۆی دەڕوانێت و ئەمەش پێشبینی دەکات، بۆیە دوای ڕوودانی ڕووداوە کارەساتبارییەکە (داپڕان)، ئەوە بەبیر خۆی و یارەکەشی دێنتەوە؛ کە ئەو هەمیشە لە دوودڵی ژیاوە و ئەم جیابوونەشی لەپێشچاوبووە.

3. ئازار و خەمۆکیی شاعیریش لەو دەقە شیعرییانەیدا دەردەکەوێت، کە بەرگێکی ماتەم و تاریك و ترسناك دەکاتە بەر دیمەن و وێنە و دیاردەکانی دەوروبەرپی و ڕەهەندێکی ئازاربەخشی پێدەبەخشێت، وەك ئەوەی لە ژیانی (سەرکەوت ڕەسوڵ)دا ڕوویداوە و لە قەسیدەی درێژی (یادنامە)دا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە داپڕانی یار کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ویژدان و دڵ و دەروون و جیهانبینی شاعیر جێهیشتوون، لەوێش بەرەو حاڵەتێکی دیکەی دەروونی ئاراستەی دەکەن، ئەویش نامۆیی و گۆشەگیرییە.

4. هەڵبەت جۆرەکانی نامۆیی بە پێی بارودۆخی تاك و کۆمەڵگە و سەردەم دەگۆڕێن، بۆیە چەندین جۆری نامۆیی سەرهەڵدەدەن، لەوانە: (نامۆیی ئایین، نامۆیی نیشتمان و کۆمەڵا، نامۆیی لە بوون و ژیان، نامۆیی لە خود: نامۆیی کۆمەڵایەتی، نامۆیی سۆزداری،.....)، بۆیە ئەوەی لەم قەسیدەیەدا، زیاتر هەستی پێدەکرێت: (نامۆیی سۆزداری)یە، ئەویش ئەو جۆرە نامۆییەیە، کە بەهۆی لەدەستدانی ئازیزێك یان کەسێکی خۆشەویست دروست دەبێت.

5. شاعیر بەهۆی داپڕان و سەرنەکەوتنی لە پرۆسەی خۆشەویستییدا، تووشی جۆرێك لە ڕەشبنی دەبێت بەرانبەر بە ژیان و ژیار، تەنانەت ڕەشبینە بە هەموو ئەوانەی تریش، کە وەك ئەون (لە خۆشەویستییدان)، ڕەشبینییش ڕوانینێکی نەرێنیانەیە بۆ ژیان، لە دید و هەستێکی ڕەشبینەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە بە هۆی بێوەفای بێ بەڵێنی یارەکەی ژیانی لەپێشچاو دەکەوێت و خەم باڵی بەسەردادەکێشێت و بەرانبەر هەموو شتێك ڕەشبینی دەکات، ئاخر ئەو چاوەڕێی شتێکی وەها لە یارەکەی نەبووە، کە کردوویەتی. ئیتر باوەڕی چی بە ئەم و ئەوانی دیکە بکات و دڵی چی بەم دونیایە خۆشبێت!

6. نەرگسیەت وەکو میکانیزمێکی قەرەبووکردنەوە بۆ لە کیس چوونی سۆزە لەدەستچووەکان و پەراوێزخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەم دەقەدا دەردەکەوێت، ئەویش بە قەرەبووکردنەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموار و شڵەژاوییە دەروونییە دادەنرێت، کە بەهۆی لەدەستدانی یارەکەی دووچاری بووە، بۆیە دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە شێوەیەك لە هاوسەنگی دەروونی بەدەستبێنێتەوە، بەمەش خۆی لەو خۆشەویستییە کرچ و کاڵە بێ

بەری دەکات و حاشا لەو کەسێتییە نزمەی ئێستای یارەکەی دەکات، چونکە نەرگسییەت ئەو حاڵەت دەروونییەیە، کە کەسی تووشبوو لە زۆریەی لایەنەکاندا زۆر لە خۆی ڕازی دەبێت و خۆی لە هەموو کەس پێ باشتر و چاکتر و دوورسترە.

7. بەهۆی ئەوەی شاعیر لە پرۆسەی ئەڤینی شکست دێنێت، ئیتر یاخی دەبێت لە هەموو شت، تەنانەت لەو خۆشەویستییەش هەڵدەگەڕێتەوەکە ساڵانێك عومری خۆی پێبەخشیوووە ، بۆیە دەبێـەکەسێکی سادیستی بە زۆرێك لە (قسە ئازاری دەدات)، ئەویش خۆی لە حاڵەتێکی توندتیژیی کرداریی یان گوفتاریی بەرانبەر ئەم و ئەوانی دیکەدا دەبینێتەوە.

8. ئەوەی لەم دەقەدا دیارە بەشێکی کەم، لە حەزە سێکسییەکان مومارەسەکراون، واتە نەگەیشتۆتە حاڵەتی تێربوون، بۆیە ڕەنگدانەوەی ئەو مومارەسەکردنە و حەزکردن بە دووبارەکردنەوە و وای لە شاعیر کردووە، لە چەند شوێنێکی دەقەکە باس لەو ژوانانە بکات، کە لەگەڵ یارەکەییدا ئەنجامی داون و جۆرێك لە لەزەتی وەرگرتووە. لە لایەکی دیکە شاعیر دەیەوێت بەم دەقانە جۆرە شتانێك وەبیر یارەکەی بهێنێتەوە، کە تا دوێنی چۆن بووە بۆ ئەو/شاعیر و ئێستاش چۆنە؟، بۆ ئەمەش دەیەوێت جۆرێك لە ئازاری دەروونی بدات.

## ٤. سەرچاوەکان:

### ٤. ١:کتێبەکان:

### ٤. ١. ١: کتێب بە زمانی کوردی:


– ئەسعەد، تانیا (2012)، دیاردەی خەم لە شیعری (حەسیب قەرەداغی) دا، چ. 1، چاپی دەزگای ئاراس، هەولێر.
– بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر ؛ بەرزنجی، عەلی تاهیر (2024)، کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چ. 1، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
– ڕەسوڵ، سەرکەوت (2006)، یادنامەی مەیتگای عومرێك، چ. 1، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بەدرخان، سلێمانی.
– ساڵح، قاسم حسێن (2002)، مرۆڤ لەروانگەی فرۆیدەوە، و: عبدولموتەلیب عبدوڵڵا، چ. ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
– سەجادی، عەلائەددین (1978)، خۆشخوانی، چ. ١، چاپخانەی مەعریف، بەغدا.
– عەزیز، عزەدین احمد (2011)، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چ. 2، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
– عەلی، ئازاد (2007)، دەروونزانی گشتی، چ. ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
– فرۆید، (200٥)، من و میکانیزمی بەرگری – انا فرویدا، و: هەژار جوانڕۆیی، چ. ١، لەبڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
– قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2007)، سایکۆلۆژی گشتی، چ. ٢ ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
– قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2010) ، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان،چ. 2، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
– گەردی، سەردار ئەحمەد (2004)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا(1970- 1991)، چ. ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
– الماضی، شکری عزیز (2010)، تیۆری ئەدەب، و. سەردار ئەحمەد گەردی، چ. 1، هەولێر.
– مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (2016)، نالی و سایکۆلۆژی شیعر، چ. ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
– ولسن، کۆلۆن (2005)، سێکس و لاوی زیرەك، و. فازیل هیمەت، چ. 2، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری نیگا، سلێمانی.

### ٤. ١. ٢: كتێب بە زمانی عەرەبی:


- إسماعيل، عزالدين (1963) ، النفسير النفسي للادب، ط. 1، دار العلم للملايين، بيروت.
- الامامى، عباس ناجى (2010)، علاقة سمه التفاءول والتشاءوم بقلق المستقبل، ط. 2، الاكاديمية المفتوحة فى الدانمارك.
- حسن، حسن محمد (1995)، الاغتراب عند ايريك فروم، ط. 2، بيروت، لبنان.
- دالبير، رولان (1984)، طريقة التحليل النفسي والعقيدة الفرويدية، ت: د. حافظ الجمالى، ط. 2، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد.
- الدباغ ، فخري (1983)، اصول الطب النفساني، ط. 2، بيروت، لبنان.
- السلطى، ابراهيم على (2010)، التحليل النفسي في النص الادبي، ط. 2، دار جليس الزمان، الاردن.
- عاقل، فاخر (1976)، مدارس علم النفس، ط. 4، دار العلم للملايين، لبنان.
- عبدالحميد، أنور (2011) ، علم النفس الادبي، ط. 1، دار النهضه العربية، لبنان.
- عزت، راجح احمد (1968)، اصول علم النفس، ط. 7، دار الكاتب العربى للطباعة و النشر، القاهرة.
- عماد، عمر حسن (2005)، سيكولوجية الابداع، ط. 1، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
- العنانى، حنان عبدالحميد (2000)، الصحة النفسية، ط. 1، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان- الاردن.
- فرويد (2006)، القلق، ت: عثمان نجات، ط .2، دار النهضه، القاهرة، مصر.
- نجم، خريستو (1991)، في النقد الادبي والتحليل النفسي، ط. 2، دار الجيل، بيروت.


### ٤. ٢: نامە و تێزەکان:


- ڕەسوڵ، هەڵمەت بایز (2012)، ڕەهەندی دەروونی لەچیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، بەغدا.
- سەعدون، سامان عەزەدین (2013)، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەروونییە)، تێزی دکتۆرا، سکۆلی زمانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- صالح، فەرهاد صالح حمە عەلی، (2010)، کەسێتی خۆویست لە ڕۆمانەکانی (محەمەد موکری)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عومەر، کەنار یاسین (2013) ، ڕەهەندی دەروونی و کاریگەری لەدیالۆگی ناوەوەی کۆچیرۆکی (لاکێشە ڕووناکەکان) ی عەبدوڵڵا سەراج دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
- عیسا، هاوژین صلیوە (2012)، ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، تێزی دکتۆرا، فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
- قادر، سەرکەوت سەعدی (2006) ، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەڵاح عومەر)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
- قادر، ئارام محەمەد (2007)، نامۆیی لە شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی- سلێمانی.
- محەمەد، شیرین سەعید (2001) ، نامۆیی لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


### ٤. ٣: گۆڤارەکان:


- ئەسعەد، فاروق محەمەد ڕەزا (2017)، ڕەهەندی دەروونی لەهۆنراوەدا، گ. زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژ. 11، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
- خەلیل، ڕێبین (2011)، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ئەدەبدا، گ: ڕامان، ژ. 170، مانگی تەمووزی، هەولێر.
- سەعید، نەوزاد وقاص (2015)، ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی (بێکەس) دا، گ. زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
- عەزیز، شنۆ ئەحمەد (2011)، شیکردنەوەی دەروونی بۆ هەردوو چەمکی (نەفسی) و (نامۆیی) لەلای صابری، گ. گزنگ، ژ. 92، کەرکوک.
- نجاتی، محمد عثمان (1999)، خود و غەریزەکان، و. هونەر ساڵح، گ. کاروان، ژ. 135، هەولێر.

# The psychological dimension
# (In the poetry book (Yadnama) of (Sarkawt Rasul)

**Dr. Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw**
Kurdish Department -College of Education/ Shaqlawa-
Salahuddin University-Erbil

**Dr. Shaxawan Farhad Mohammad**
Aarts Depaetment- Institute of Fine Arets
Ministry of Highre Education -Erbil

Of course, every literary text is born under several internal and external influences and transitions from these internal and external dimensions, so the mind is the closest and most influential dimension on the construction of any text Research on the psychological aspects of any poetic text is directly related to the psychology of the poet Psychological science and its relationship to literature، Then, according to the psychological method of work, the texts were separated into several psychological dimensions (optimism, depression, pessimism, sadism, ....) and then interpreted, which on the one hand express the situation of the poet The reader, therefore, the mind is an integral part of the process of poetry composition and poetic words and sentences embody a true and spiritual picture of the mind.

**Keywords**: psychological dimension, optimism, depression, narcissism, sadism.